لە چاپکراوەکانی
ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پەرلەمانتارانی خولی دووەمی
# پەرلەمانی کوردستان- عێراق
# ( ٢٠٠٥-٢٠٠٩ )

پارێزەر: طارق محمد سعید جامباز
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

کوردستان ٢٠٠٧

ناوی کتێب: پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراق
( ٢٠٠٥/٦/٤- ٢٠٠٩/٦/٤ )
نووسەر: پارێزەر/ طارق جامباز/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
پیت چنین: شوان علی حاجی
تیراژ: ٢٠٠٠ دانە
چاپکردن: چاپخانەی شەهاب
ساڵ: ٢٠٠٧

ئەم کتێبە لە ( ٤/٢٢ /٢٠٠٧ دەستپێکراو لە ٢٠٠٧/٨/٢٢ تەواوکرا )

ژمارەی سپاردن ( ٣٧٣ ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەی هەولێر

# دەسپێك

بە دەگمەن نەبێ دەنا کەسایەتیە ناسراوەکانی گەلی کوردستان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرێك‌و پێکی‌و بە بەردەوامی چاپکراوی تایبەتیان بۆ تەرخان نەکراوە، چونکە پێش راپەڕین زۆر کەس قەدەغەبوون ناویان بهێنرێ[1]، چ جای ژیاننامەیان بنووسرێتەوە، هەروەها ئەوەی دەنووسراو چاپ دەکرا بەهیچ جۆرێك نەدەبوایە لە چوار چێوەی قاڵبداری بیرو هزری ژەنگداری دەسەڵاتداران دەربچێ، بۆیە ئەوەی ئەوسا دەرچووە نەتوانراوە بە وردی‌و قووڵی هەموو لایەنێك بگرێتەوە، بەڵام دوای راپەڕین چەندین کتێب لەم بارەیەوە چاپکراون، هەنووکەش پێویستە سەرلەنوێ کەسایەتییە ناسراوەکان بە گوێرەی کارو پیشەو ئەوپلەوپایەی پێی گەیشتوون رۆڵیان لە چ بوارێکدا هەبووە (پۆلینی) بەپێی پیتی ئەبجەدی یەك لە دوای یەك رێزبەند بکرێن، گەر بمانەوێ بە (دەزگا کردن کار بکەین) دەبا چاپکراوەکانیشمان بوارە جیاجیاکان بگرێتەوە چ ئەوانەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان یا ئەوانەی لە رەوەندی کوردی بوونەتە (ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپاو یا ئەندامی پەرلەمانی وڵاتەکان یا لە هەرێمەکانیان یا لە شارەوانیەکانیانداو لە بوارەکانی دیکەدا هەڵکەوتوون). لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم چاپکراوەمان لە بارەی پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانمان تەواو کرد. بۆیە بە ئەرکێکی وڵاتپارێزانەی دەزانین کە ئەمەیان چاپبکەین، چونکە لە وڵاتانی دیکەی دونیادا هەرچوار ساڵ جارێ ئەم کارە ئەنجام دەدرێ تاکو نەوەکانمان بزانن کە ئەو لایەنە سیاسی‌و ئایینی‌و نەتەوەییانەی کێبوونە کە بەشداریان لە خولەکەدا کردووە، هەروەها لە فۆڕمە دابەشکراوەکەش ئاستی خوێندن‌و کاری پێشتریان‌و زۆر زانیاری دیکەو لەگەڵ چەند پاشکۆیەکی دیکەدا باس کراوە کە چاپکراوەکە تۆکمەو بە پێزتر دەکات‌و

---

١) **اعـلام الکـرد العـراق** . کـە دەستنووسـی ئـەم کتێبـە لـە سـاڵی ٢٠٠٢ درا بـە دەزگـای ڕۆشـنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا ئەوسا بەڕێوبەری گشتی دەزگاکە لەسـەر نـاوی (٣٠) سـی کـەس بـە پیتـی (ئێکس) نووسی کە نابێ ناویان لە چاپکراوەکەدا هەبێ کـە ئەمانـەن: ( ابـراهیم احمـد، مـصطفی بـارزانی ، دلشاد مریـوانی، رفیـق صـالح، سیروان شـاکر، طـارق جامبـاز، عبـدالله ئـاگرین..... هتـد) لاپـەڕە ٩٩٣ لـە کتێبەکەدا کە لە سلێمانی (٢٠٠٦) چاپکرا.

لەهەمان کاتیشدا ئەم چاپکراوە دەخەینە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت تاکو خوێنەران چاکترو باشتر پەرلەمانتاران بناسن‌و، دەبێ لەمەودوا نەك پەرلەمانی کوردستان بەڵکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانیش لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەم کارە ئەنجام بدەن، و گەر بڵێین خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان[٢] تاکو رووخاندنی ڕژێمی لەناوچوو (دیفاکتۆ) ئەمری واقیع بوو، چونکە بەرەی کوردستان بەدامەزرێنەری پەرلەمانی کوردستانی دادەنرێ لەبەر ئەوەی هەر لەساڵی (١٩٨٨) لە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانیدا باس لە پەرلەمانی کوردستان کراوەو هەروەها ئاماژە بە نووسینەوەی دەستووری کوردستان لەسەر بنچینەی جوداکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان‌و جێبەجێکردن‌و دادوەریدا کراوە، هەر ئەویش بڕیاری لەسەر یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق داوە. بەڵام دوای دەرچوواندنی یاسای هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە (٢٠٠٤) (تاڵ )هەڵسوڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە کە تێیدا دان بە هەموو دەستەڵاتەکانی (یاسادانان‌و جیبەجێکردن‌و دادوەری) لە کوردستان نراوەو لە دەستووری عێراقی (٢٠٠٥) دەرچووە کە ٨٠٪ی دانیشتوانی عێراق دەنگیان بۆ داوە، لەم دەستوورەدا جەخت لەسەر هەرێمی کوردستان دەکاتەوەو هەروەهاش دان بە هەموو یاساو بڕیارو گرێبەستەکانی دادەنێت کە لە ساڵی (١٩٩٢-٢٠٠٥) لە هەرێمی کوردستان دەرچوون، ئەمانەش، لەلایەنی دەستوورییەوە بایەخ‌و گرنگێکی یەکجار زۆریان هەیە. ئەمەش چەند کارێکی گرنگە پەرلەمانی کودستان لە خولی دووەم ئەنجامی داوە.

- شاندی پشتیوانی پەرلەمانی کوردستان بۆ فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق کە لە دە پەرلەمانتاری لایەنە سیاسی‌و ئایینی‌و نەتەوەییەکان پێك هاتبوو، بەشداریان لە کۆبوونەوەکانی تاوتوو کردنی پرۆژەی دەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) تا دواساتەکانی تەواوکردنی کردووەو، لەسەر پێشنیازی بەندەو لەگەڵ سێ پەرلەمانتاری دیکەی کوردستان بەچوار قۆڵی پێکەوە پرۆژەی دەستوورەکەیان لە زمانی عەرەبیەوە کردوەتە زمانی کوردی‌و (UN) (٩٥٠٠٠٠) نۆسەدو پەنجا هەزار دانەی بە زمانی کوردی‌و (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دانەشی بە زمانی تورکمانی‌و

---

٢) کتێبی پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی ئایندە (٢٠٠٨) چاپ‌و بلاودەکرێتەوە.

سریانی هەریەکەیان (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دانەو (٣٧٥٠٠٠٠) سێ ملیۆنو حەوت سەدو پەنجا هەزاریش بە زمانی عەرەبی چاپکرد، تێکڕای (٥) ملیۆن دانە لە سەرتاسەری عێراق چاپو بڵاوکرایەوە.

- لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق کە لە (١٩) ئەندام پێکهاتبوو کە (١٥) پانزدەیان لە پێکهاتەکانی سیاسیو ئایینیو نەتەوایەتی پەرلەمانی کوردستان بوون، ئەمەیش بۆ یەکەمین جارە کە پێکهاتەکانی گەلی کوردستان خودی خۆیان پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەنووسنەوەو بۆ پێزانینیش دەستووری هەرێمی کوردستان دەکاتە (٢٨١)مین دەستووری هەرێمەکانی وڵاتانی فیدراڵو، دەبێ ئەوەش بزانرێ کە لە ناوچەکەو عێراقدا یەکەمین دەستووری هەرێمێکە کە تا هەنووکە نوسرابێتەوە.
- لە خولی دووەمدا وەزیرێك[٣] بۆ کاروباری پەرلەمان دانرا، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان رێكو پێکترو خێراتر بەڕێوەبچێ، وەزیرەکەش لە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادەیە.
- چەندان شاندی پەرلەمانتارانی وڵاتانو هەرێمەکانیانو هەروەها باڵوێزو کونسڵی وڵاتانو بەرپرسەکانیان سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە. تاکە بەرپرس کە لە دەستپێکی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستانی (٢٠٠٥/٦/٤) بە زمانی کوردی وتارەکەی خوێندبێتەوە بەڕێز ئەشرەف قازی نوێنەری (UN) لە عێراقدا بوو.
- پەرلەمانی کوردستان میوانداری چەندان وەزیری کردووە کە ڕاپۆرتی چالاکی وەزەراەتەکانیان پێشکەش کردووەو پرسیاری ڕوونکردنەوەیان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە ئاراستە کراوە.
- لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) لە پەرلەمانی کوردستان پێکهێنراوە.

---

٣ ) بە پێویستمان زانی کە ناوی لەگەڵ پەرلەمانتاران بهێنرێو هەروەها بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانیش.

- بۆ یەكەمین جاریشە دوای ڕژێمی لەناوچوو، یاسای ساڵی (٢٠٠٧) بودجەی هەرێمی كوردستان پەسند بكرێت وپێشتریش چەندین جاری دیكە لە پەرلەمانی كوردستان بودجەكە بڕیاری لەسەر دراوە.
- بۆ یەكەمین جاریشە كە كەناڵێكی ئاسمانی (نەورۆز)ی حكومەتی كوردستان دانیشتنەكانی پەرلەمانی كوردستان بە بەردەوامی ڕاستەوخۆ دەگوازێتەوە.
- یاسای پەرلەمانتارانی كوردستان (ژ١٧ /٢٠٠٦) لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوو، بۆ پێزانین یەكێتی پەرلەمانتارانی نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٨٨٩)و یەكێتی پەرلەمانتارانی عەرەب لە ساڵی (١٩٧٤) دامەزرێنراون.
- وئەم چاپكراوە یەكەمین[٤]، چاپكراوە كە سەرجەم ئەندامانی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان بگرێتەوە لە هەمان كاتیشدا كتێبخانەكانی كوردستانو عێراقو ناوچەكە پێویستیان بە چاپكراوی لەم جۆرە هەیە.

**پارێزەر/ طارق جامباز**

**ئەندامی پەرلەمانی كوردستان**

**٢٠٠٧/١٠/٤**

---

(٤)چاپكراوێك لە بارەی پەرلەمانتاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك بە ناونیشانی (ئەندامێن پەرلەمانێ كوردستانێ / دهۆك) (ئەندامێن ئەنجومەنێ پارێزگەهێ دهۆك بنیاسە) لە ٢٠٠٧ چاپكراوە.

| زنجیرە | ناوی پەرلەمانتاران | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | عدنان محمد رشاد مفتی | ١٣ |
| ٢. | محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی) | ١٤ |
| ٣. | فرست احمد عبدالله | ١٥ |
| ٤. | احسان عبدالله قاسم | ١٦ |
| ٥. | اخر جمال انور | ١٧ |
| ٦. | ادهم عثمان احمد بارزانی | ١٨ |
| ٧. | ئارام رسول مامند | ١٩ |
| ٨. | ئەرسەلان غەفور سلێمان | ٢٠ |
| ٩. | د. ئاریان خالص شێخ جواد | ٢١ |
| ١٠. | ئارێز عبدالله احمد | ٢٢ |
| ١١. | اسعد شاکر امین | ٢٣ |
| ١٢. | اسماعیل طاهر محمود دزەیی | ٢٤ |
| ١٣. | اسماعیل محمود عبدالله | ٢٥ |
| ١٤. | اندریوس یوحنا گورگیس | ٢٦ |
| ١٥. | انور محمد غفور | ٢٧ |
| ١٦. | ایدن عثمان ابراهیم | ٢٨ |
| ١٧. | بابا تاهیر شێخ جەلال | ٢٩ |
| ١٨. | بارزان عبدالله نصرالله | ٣٠ |
| ١٩. | بارزان محمد قادر | ٣١ |
| ٢٠. | باپیر کاملا سلێمان | ٣٢ |
| ٢١. | بایزار ملکو اوهان | ٣٣ |
| ٢٢. | بکر فتاح حسین | ٣٤ |
| ٢٣. | پەخشان عبدالله حسین | ٣٥ |
| ٢٤. | تاڤگە حمد علی | ٣٦ |
| ٢٥. | جعفر مصطفی معروف | ٣٧ |
| ٢٦. | جمال شمعون ایلیا | ٣٨ |
| ٢٧. | جمال محمد قاسم | ٣٩ |
| ٢٨. | جمال یوسف بۆتانی | ٤٠ |
| ٢٩. | جمیل محمد عثمان گەردی | ٤١ |

| زنجیره | ناوی پەرلەمانتاران | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٠. | چرۆ علی حمه امین | ٤٢ |
| ٣١. | حاتم محمد جان حسن | ٤٣ |
| ٣٢. | حسن بابكر احمد | ٤٤ |
| ٣٣. | حسین محمد رشید | ٤٥ |
| ٣٤. | حمد عبدالله محمود (بەڵێن) | ٤٦ |
| ٣٥. | خضر سلیمان خلیل | ٤٧ |
| ٣٦. | خلیل ابراهیم محمد | ٤٨ |
| ٣٧. | خورشید سلیم شێره | ٤٩ |
| ٣٨. | خەمان زرار اسعد | ٥٠ |
| ٣٩. | د. دلێر اسماعیل حقی شاوەیس | ٥١ |
| ٤٠. | دلێر محمد شریف | ٥٢ |
| ٤١. | رشاد احمد ابراهیم | ٥٣ |
| ٤٢. | رشید كریم رشید | ٥٤ |
| ٤٣. | رمزیه احمد رشید | ٥٥ |
| ٤٤. | د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا | ٥٦ |
| ٤٥. | رۆبیتان ابراهیم روستم | ٥٧ |
| ٤٦. | د. رۆژان عبدالقادر دزەیی | ٥٨ |
| ٤٧. | رومیو حزیران نیسان | ٥٩ |
| ٤٨. | زرار طاهر امین | ٦٠ |
| ٤٩. | سارا خضر پیرۆت | ٦١ |
| ٥٠. | سالم محمد علی | ٦٢ |
| ٥١. | سردار صباح بوزو هەركی | ٦٣ |
| ٥٢. | ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود | ٦٤ |
| ٥٣. | سواره محمد امین حمد رشید | ٦٥ |
| ٥٤. | سۆزان شهاب نوری | ٦٦ |
| ٥٥. | سهام انور علی | ٦٧ |
| ٥٦. | شعبان محمد طاهر صادق | ٦٨ |
| ٥٧. | شكری صالح تمر | ٦٩ |
| ٥٨. | شكریه رسول احمد | ٧٠ |
| ٥٩. | شمسه سعید محمود | ٧١ |

| زنجیره | ناوی پەرلەمانتاران | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٦٠. | شوقی حسین ابراهیم | ٧٢ |
| ٦١. | شهاب عبدالله صدیق | ٧٣ |
| ٦٢. | شێخ الله ابراهیم شێخ الله | ٧٤ |
| ٦٣. | شێردل عبدالله حوێزی | ٧٥ |
| ٦٤. | شێروان ناصح عبدالله حەیدەری | ٧٦ |
| ٦٥. | شیرین عبدالرحمن دینو | ٧٧ |
| ٦٦. | صبریه غفار امین | ٧٨ |
| ٦٧. | طارق محمد سعید جامباز | ٧٩ |
| ٦٨. | طلعت خضر سیف الدین | ٨٠ |
| ٦٩. | طلعت محمد صالح توفیق | ٨١ |
| ٧٠. | عادل محمد امین | ٨٢ |
| ٧١. | عبدالرحمن احمد رضا | ٨٣ |
| ٧٢. | عبدالرحمن اسماعیل سلیم | ٨٤ |
| ٧٣. | عبدالکریم ابوبکر مصطفی | ٨٥ |
| ٧٤. | عثمان احمد محمد امین | ٨٦ |
| ٧٥. | عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی) | ٨٧ |
| ٧٦. | عزالدین سلیم خدیدا | ٨٨ |
| ٧٧. | عمر عبدالرحمن علی | ٨٩ |
| ٧٨. | عونی کمال سعید بزاز | ٩٠ |
| ٧٩. | غفور طاهر سعید مخموری | ٩١ |
| ٨٠. | فاروق کریم فتاح | ٩٢ |
| ٨١. | فتاح عبدالله نقشبەندی | ٩٣ |
| ٨٢. | فخریه مصطفی محمد علی | ٩٤ |
| ٨٣. | فضیلة رمضان سعدالله | ٩٥ |
| ٨٤. | د. فؤاد احمد محمد بابان | ٩٦ |
| ٨٥. | ڤیان احمد خضر پاشا | ٩٧ |
| ٨٦. | ڤیان سلێمان حاجی بشار | ٩٨ |
| ٨٧. | قادر سعید خضر | ٩٩ |
| ٨٨. | کاکه اسماعیل عمر سید | ١٠٠ |
| ٨٩. | کرخی نجم الدین نورالدین | ١٠١ |

| زنجیرە | ناوی پەرلەمانتاران | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .٩٠ | كريم بحرى عبدالله | ١٠٢ |
| .٩١ | كريم مجيد شريف (جوتيار) | ١٠٣ |
| .٩٢ | كژاڵ مجيد قادر | ١٠٤ |
| .٩٣ | كوردستان پيرداود قادر | ١٠٥ |
| .٩٤ | كوێستان محمد عبدالله | ١٠٦ |
| .٩٥ | گلاوێژ شابا ججى | ١٠٧ |
| .٩٦ | گوڵناز عزيز قادر | ١٠٨ |
| .٩٧ | گيلاس محى الدين محمد غريب | ١٠٩ |
| .٩٨ | محسن على اكبر | ١١٠ |
| .٩٩ | محمد احمد صالح | ١١١ |
| .١٠٠ | محمد حاجى محمود | ١١٢ |
| .١٠١ | محمد حكيم جبار | ١١٣ |
| .١٠٢ | محمد رفعت عبدالرحمن | ١١٤ |
| .١٠٣ | محمد صالح اسماعيل | ١١٥ |
| .١٠٤ | محمد فرج احمد | ١١٦ |
| .١٠٥ | مريم حسن ابراهيم | ١١٧ |
| .١٠٦ | نازناز محمد عبدالقادر | ١١٨ |
| .١٠٧ | د. ناصح غفور رمضان | ١١٩ |
| .١٠٨ | نسرين حمه صالح | ١٢٠ |
| .١٠٩ | د. نورى تاڵەبانى | ١٢١ |
| .١١٠ | د. هاله سهيل وادي | ١٢٢ |
| .١١١ | هيوا صابر احمد | ١٢٣ |

# پەرلەمانتارانی خولی دووەم



**ناوی سیانی و نازناو:**
**عدنان رشاد المفتی/**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: هەولێر- ١٩٤٩/٤/١٧.
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر.
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان.
- کاری پێشوو: جێگری سەرۆکی حکومەتی کوردستان، وەزیری دارایی حکومەتی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: بکالوریوس لە ژمێریاری.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: دوو کتاب (الحوار العربي/ الكردي) و (العلاقات العربية /الكردية).
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- ئازادی



## ناوی سیانیو نازناو:
## محمد قادر عبدالله (د. کمال کرکوکی)
## جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: کەرکوك/٤/٤/ ١٩٥٤
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- کەرکوك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: بەرپرسی لیژنەی بەدواداچوونی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ.
- کاری پێشوو: ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوكو نوێنەری کاك مەسعود بارزانی لە کەرکوك بۆ کاروباری پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوپەیمانان.
- ئاستی خوێندن: قوتابی کۆلیژی پزیشکی.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو کۆمەڵەکاندا: ئەندامی کۆمەڵە زیندانە سیاسیەکان.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئاین: موسلمان
- چالاکی تر: ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان.
- ناونیشان وئیمێل: کەرکوك- هەولێر/ drkirkuki@yahoo.com



**ناوی سیانی و نازناو:**
**فرست أحمد عبدالله/**
**سکرتێری پەرلەمان، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.**

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: ١٩٤٦
- شوێنی نیشتەجێ بوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی پەرلەمان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی دەستووریی هەرێمی کوردستان - عێراق
- کاری پێشوو: پارێزەر
- ئاستی خوێندن: بکالوریوس حقوق
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەندان بەرهەمی بە زمانی عەرەبی بڵاو کردۆتەوە
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر:
- ناونیشان وئیمێل: ١- دهۆك، ٢- هەولێر- پەرلەمان

E-mail: sever_far@yahoo.com



## ناوی سیانی و نازناو:
## احسان عبدالله قاسم (احسان ئامێدی)

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: ئامێدی ١٩٥٩
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: پەیوەندیەکان و رۆشنبیری
- کاری پێشوو: کارگێری لقی (١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- ئاستی خوێندن: پەیمانگای تەکنەلۆجی
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: فیدرالیەت، ئاسایشی نەتەوەیی، رێکخستنی پاشایەتی
- فراکسیۆنی پەرلەمان: پارتی دیموکراتی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: زۆر بابەت لەبواری سیاسی و کۆمەلایەتی و هزری بلاوکردۆتەوە
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك- گری باسێ Ihsansmedi@yahoo.com



**ناوی سیانیو نازناو:**
**اخير جمال انور**

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: لە گوندی هاودیان سەر بە قەزای سۆران/ هەولێر/ ١٩٥٦
- شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی هاودیان سەر بە قەزای سۆران/ هەولێر
- لیستی: نیشتمانی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ناوخۆیی+ لیژنەی کشتوکاڵ
- کاری پێشوو: قائمقامی قەزای زاخۆ
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- قەزای سۆران ناحیەی دیانە گوندی هاودیان.

E- mail: bawkekarwan@yahoo.com



**ناوی سیانی و نازناو:**
**ئەدهەم عوسمان شێخ ئەحمەد بارزانی**

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: بارزان- هەولێر/ ١٩٦٢/٤/١٦
- شوێنی نیشتەجێ بوون: هاوینەهەواری پیرمام
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە.
- کاری پێشوو: سەرۆکی پارتی حزب الله شۆڕشگێری کورد، بەرپرسی نووسینگەی کاروباری عەشایر-پارتی.
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- سەر بە چ لایەنێکە: سەربەخۆ
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: دوو دیوانی هۆزان.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هاوینەهەواری پیرمام.



## ناوی سیانیو نازناو:
## ئارام رسول ممند

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: رانیە- سلێمانی/ ١٩٧٤/١/١
- شوێنی نیشتەجێ بوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: جێگری سەرۆکی لیژنەی ئەشغالو ئاوەدانکردنەوە، ئەندامی لیژنەی پەیوەندیەکانو رۆشنبیری
- کاری پێشوو: جێگری بەرپرسی لقی (١١)ی پارتی دیموکراتی کوردستان
- ئاستی خوێندن: سالّی دووەمی کولیژی یاساو رامیاری زانکۆی برۆنیل- لندن
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: ئیسلام
- چالاکی تر: بەشداری لە چالاکیەکانی رێکخراوی کۆمەلگەی مەدەنی N.G.O وەرگرتنی زانستی ئەلکترۆنیو بەکارهێنانی I.T ئەنتەرنێت.
- ناونیشان وئیمێل: arammamand@yahoo.com.uk aramrasoul@hotmail.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## ئەرسەلان غەفور سلێمان/ وەڵەدبەگی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: زەرایەن / سلێمانی ١٩٥٩/١/١٤
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: پەیوەندیەکانو ئاوەدانکردنەوە
- کاری پێشوو: بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای بروسك نێت.
- ئاستی خوێندن: بەکالوریوس/ ئەندازیاری شارستانی
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: سێ ساڵ بەرپرسی پلان دانان و پەیوەندییەکان لە منداڵپارێزی کوردستان، بەشداری کردن لە چەند کۆنفرانس لەگەڵ رێکخراوی NGO ی ناوخۆ و دەرەکییەکان.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی بەکرەجۆ

**e.mail:** arsalanwaladbagy@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## د. ئاریان خالص جواد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر- ١٩٦٨/٨/٢
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی کاروباری تەندروستنیو کۆمەڵایەتی.
- کاری پێشوو: مامۆستای زانکۆ/ پزیشك
- ئاستی خوێندن: دکتوراە لە نەخۆشیەکانی ئافرەتانو منداڵبون
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای پزیشکانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان:چەندین بەرهەم بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ E-mail: aryianadr@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## ئاریز عبدالله ئەحمەد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر/ ١٩٦٣
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی پەیوەندیەکانو رۆشنبیری.
- کاری پێشوو: پێشمەرگە تا پلەی کارگێڕی فەرماندەیی گشی ه. پ. ك.، جێگری لێپرسراوی مەڵبەندو ئەندامی مەکتەبی رێکخستنو و ئەندامی مەڵبەندی بیرو هۆشیاری. سێ جار لەسەر کاری شۆڕشگێریی گیراوەو بۆ ماوەی دوو ساڵ و نیوزیندانی سیاسی بووە.
- ئاستی خوێندن: تا قۆناغی سێیەمی زانکۆی خویندووە.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی نووسەرانی کورد
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: (٥) کتێبو دەیان ووتاری سیاسیو فکریو روناکبیریی و چەندین چیرۆکی بلاوکراوەو بلاونەکراوەشی هەیە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: کەسك
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ info_arez@yahoo.com



## ناوی سیانی و نازناو:
## أسعد شاكر امين ( أسعد أربيل )

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون:هەولێر- ١٩٥١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- تەیراوە
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: جێگری سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لیژنەی مافی مرۆڤ، بڕیاردەری لیژنەی بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.
- کاری پێشوو: مامۆستای بیرکاری لە ناوەندی جمهوری کوڕان.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە بیرکاری، بەشی ئامار
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق، ئەندامی کارا لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، جێگری سەرۆکی نادی الاخاو التركمانی (تورکمان قارداشلۆ أوجاغی).
- سەر بە چ لایەنێکە: تورکمانی بێ لایەن
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: بە چاپ گەیاندنی چەندان کتێب.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: تورکمان
- نەتەوە: تورکمان
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: گشت ڤیستڤالەکانی کوردستان لە هەولێر.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ تەیراوە/ نزیك بنکەی تەندروستی تەیراوە، تەلەفۆن: ٠٧٥٠٤٦٢٠٦٥١، ٢٢٢٦٨٥١. email: esaterbil@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## ئیسماعیل طاهر محمود ( سمکۆ دزەیی )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: ١٩٤٧/١١/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی ناوخۆ.
- کاری پێشوو: سەرۆکی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە زانستی سەربازی.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران.



**ناوی سیانیو نازناو:**
**ئیسماعیل محمود عبدالله**

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: گەڵاڵە/ هەولێر/ ١٩٦١/٧/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی ناوەخۆ.
- کاری پێشوو: لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی- گەرەکی بەختیاری- کۆڵانی ١١١

E-mail: esmail_m2004@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## اندریوس یوحنا کورکیس

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون:دهۆك/ ١٩٦٩
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی پیشەسازیو ووزە.
- کاری پێشووك شارەزا لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە ئەندازیاری کارەبا (گەیاندنی ئەلکترۆنی).
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی نووسەرانی کوردستان، الاتحاد العام للادباء والكتاب في العراق، المركز الثقافي الاشوري- دهوك، نقابة مهندسي دهوك، عضو في النقابة الصحفيين الدولية.
- سەر بە چ لایەنێکە: بزووتنەوەی ئاشووری
- توێژینەوەو بەرهەمەکان:دوو فەرهەنگۆك (عەرەبی- سریانی)
- فراکسیۆنی پەرلەمان: بزووتنەوەی ئاشووری
- نەتەوە: کلدو ئاشووری
- ئایین: مەسیحی
- چالاکی تر: وەرگێڕانی زیاتر لە (١٠٠) کتێبو مەناهجی دراسي لە زمانی عەرەبی بۆ سریانی
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك



## ناوی سیانیو نازناو:
## انور محمد غفور ( خۆشناو )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: رانیە/ سلێمانیە/ ١٩٦٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- برایەتی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی، مافی مرۆڤ.
- کاری پێشوو: ئیمامو خەتیب
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە شەریعەتدا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- برایەتی/

E-mail:Sahand45@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## ئایدن عثمان ابراهیم

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر ١٩٤٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پیشەسازیو ووزە.
- کاری پێشوو: بریکاری وەزارەتی پیشەسازیو ووزە.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە ئەندازیاری میکانیك لە زانکۆی سەلاحددینو دبلۆمی ئەندازیاری لە ئیتالیا وەرگرتووە.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گەرەکی ئەفسەران/ مۆبایل:٠٧٥٠٤٥١٢١٢٢

Email: info_aydn47@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## باباطاهر شێخ جلال احمد حفید

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ ١٩٣١
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی.
- کاری پێشوو: ئەندامی مەکتەبی کۆمەلایەتی
- ئاستی خوێندن: لیسانس لە کۆلێژی ماف
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی/ تووی مەلیك بەرامبەر مزگەوتی بوسکانی، گەرەك ٢١١، ژمارەی خانوو/٦٩
- E-mail:hafid_1931@yahoo.com



**ناوی سیانیو نازناو:**

**بارزان عبدالله نصرالله (بارزان هەورامی)**

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: تەوێڵە/ سلێمانی/ ١٩٦٠
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پیشەسازیو ووزە
- کاری پێشوو: کاری سەربەخۆ+ رێکخراوەیی
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە جیۆلۆجی
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: جەماوەری
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی- علی ناجی

Email: barzanhawramy@yahoo.de



## ناوی سیانیو نازناو:
## بەرزان محمد قادر( بەرزانی حەمەی مینا )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: کەلار-١٩٦٢/١/١٠
- شوێنی نیشتەجێبوون: دەربەندیخان
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: پێشمەرگە
- کاری پێشوو: عەقیدی ئاسایش
- ئاستی خوێندن: ئامادەیی
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: هەندێ نووسینو وتاری لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بلاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: دەربەندیخان/ کەمپی خوار

E- mail: aryanmina@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## باپیر کامەلا سلێمان

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: پشدەر/ قەڵادزێ/ سلێمانی/ ١٩٦٣
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەیوەندیەکانو ڕۆشنبیری، لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا.
- کاری پێشوو: سکرتێری پارتی کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستان.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: پارتی کرێکارانو ڕەنجدەرانی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل:

ژمارەی تەلەفۆن/ مۆبایل: ٠٧٥٠٤٦١٢٦٣٨/ نۆرماڵ: ٠٦٦٢٢٤٣١٦٩



## ناوی سیانیو نازناو:
## بایزار ملکو ئوهان

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: زاخۆ- دهۆك/ ١٩٤٩
- شوێنی نیشتەجێ بوون: زاخۆ- ئاشتی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالا.
- کاری پێشوو: مامۆستا.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە کیمیا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی بنکەی رۆشنبیری کلدانی.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کلدانی
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: ئەرمەنی
- ئایین: کریستیان
- ناونیشان وئیمێل: زاخۆ- ئاشتی- نزیك بنکەی پۆلیس
  e-mail: nissanco2000@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## بکر فتاح حسين

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ ١٩٥٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی/ پاك ستی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پێشمەرگە، لیژنەی مافی مرۆڤ.
- کاری پێشوو: نوێنەری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لە ئیسپانیاو ئیتالیا.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە زانستی کیمیا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: کۆمەڵەی KRA.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: گفتوگۆی کوردو حکومەتی عێراق، گۆڕانکاریە دیموکراتیەکان لە ئیسپانیا
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: رێکخستنو سەرپەرشتی کردنو بەشداری کردن لە چەندین کۆنگرەو سیمینارو کۆڕوکۆبوونەوەی نێونەتەوەیی لە ئێران، ئیسپانیا، ئیتالیا، فرنسا.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی/ پاك ستی/ B2-٦-٢٦ ، tel:
07701520418 Email: fattahb@hotmail.com



## ناوی سیانی‌و نازناو:
## پەخشان عبداللە زەنگنە (ناسراو بە دایکی بەهار)

- شوێن‌و مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ ١٩٤٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێرو سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەتان‌و ژنان.
- کاری پێشوو: خانەنشین.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە زانستی فیزیا، دبلۆمی باڵا لە زانستە کۆمەلایەتیەکان.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان، سەرۆکی سەنتەری لێکۆلینەوەو زانیاریەکانی چەندەر.
- سەر بە چ لایەنێکە: حزبی شیوعی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: شیوعی کوردستان.
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: تلفۆن٠٧٧٠١٥٥٧٠٧٢/٠٧٥٠٤٥١٣١٦٥/

E-mail: alank_7491@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## تاڤگە محمد علی محمد صالح بێتوشی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: کۆیە/ هەولێر/ ١٩٦٠
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی پەیوەندیەکانو ڕۆشنبیری.
- کاری پێشوو: مامۆستا/ سکرتێری یەکگرتووی خوشکانی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: دبلۆم لە خانەی مامۆستایان ١٩٨٠
- ئەندامیەتی لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، بەرپرسی دەزگای قەزاو مافی مرۆڤ لە (ی،أ،ك) .
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەند بابەتێکی پێشکەش کردووە لەسەر ئافرەتو سیاسەت لە ئیسلامدا.
- فراکسیۆنی پەرلەمان:یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- نەتەوە: کورد  ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: کارا لەبواری ژنانو ئافرەتان، بەشداری چەندین کۆنگرەی لە ناوو دەرەوەی هەرێمی کوردستانو عێراقی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: تلفۆن/ ٠٧٥٠٤٨١٤٧٢٠/ ٠٧٧٠١٤٧٣٩٠٤

e.mail: tavga1960@yahoo.co.uk



## ناوی سیانیو نازناو:
## جعفر مستەفا معروف/ بەرزنجی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی- ١٩٥٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێرو سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ناوخۆ.
- کاری پێشوو: قائمقامی قەزای ئاکرێ
- ئاستی خوێندن: قۆناغی دووەمی زانستە مرۆڤایەتییەکان
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی فەخری سەنتەری رۆشنبیری ئاکرێ
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: نوسینی یاداشتەکانم لە سێ بەرگدا بەناوی (گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانم)
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: بەشداری لە دوو دەورەدا کردووە، کۆرو سیمینار، نووسین لە رۆژنامەکاندا
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ شۆرش، سلێمانی گەرەکی ئازادی، تەلفۆن (٠٧٥٠٤٤٦٠٧٨١)

Email: jafar.marof@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## جمال شمعون ئیلیا عوید

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر- عەنکاوە ١٩٥٥/١/١٣
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- عەنکاوە
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی بالاّ- لیژنەی شارەوانییو گواستنەوەو گەیاندن.
- کاری پێشوو: مامۆستا
- ئاستی خوێندن: دبلۆم لە پەروەردەو فێرکردن
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سکرتێری دەستەی کارگێڕی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان
- سەر بە چ لایەنێکە: بێ لایەن
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: لەبواری ڕۆژنامەگەریو زمانی سریانیو ووتارو سیمینارو کۆڕ بەشداری کردووە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: کلدانو ئاشوور
- نەتەوە: (کلدانی- سریانی- ئاشووری)
- ئایین: مەسیحی
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- عەنکاوە /E-mail:jamal.1955@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## جمال محمد قاسم ( جمال قاسم )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ ١٩٤٤/٧/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی پەیوەندیو رۆشنبیریو لیژنەی تەندروستیو لیژنەی ناوەخۆ.
- کاری پێشوو: جێگری بەرپرسی لقی (٤)
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە یاسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: بەشداری لە چەندین ڕێکخراوی کۆمەلایەتی، دیموکراسی، دەستووری کردووە.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەندین ووتاری لەسەر دەستووری ئەمریکیو وڵاتە ئەوروپییەکانو چەندین سیمینارو کۆڕ دەربارەی دەستوور بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: چاودێری کردنی جموجۆڵی ڕامیاری دەستووریو ئابووری چ لەنێو کوردستان و لە دەرەوە، سایتەکان، بەدەم چونی کێشەکان.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی/ مۆبایل:٠٧٥٠٤٤٥١٦٧١
sar-blnd@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## جمال یوسف محمد (بۆتانی)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: زاخۆ/ دهۆك/ ١٩٥٦
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ.
- کاری پێشوو: لێپرسراوی مەڵبەندی چواری یەکێتی نیشتمانیی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە یاسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: مافپەروەرانی کوردستان، پارێزەرانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: ووتاری لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکانی شاخ پەخشو بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك/ گەڕەکی شاخۆکێ/ مۆبایل: ٠٧٥٠٤٥٧٨٥٤١

E-mail: j.y55@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## جمیل محمد عثمان (گەردی)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر/ بەحرکە ١٩٥٢
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵو ئەوقافو کاروباری ئاینی.
- کاری پێشوو: پارێزەر.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریوس لە یاسا
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گوندی بەحرکە

E-mail:jamil_gardi@yahoo.co.uk



## ناوی سیانیو نازناو:
## چرۆ علی حمەأمین جاف

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ ١٩٧١
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی/ تووی مەلیك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، لیژنەی داراییو ئابووری.
- کاری پێشوو: مامۆستای زانکۆ.
- ئاستی خوێندن: ماستەر لە ئامار/ ١٩٩٩
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی ئابووریناسانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: توێژینەوەی زانستی بلاوکردۆتەوە و توێژینەوەیەکی تایبەت لە کۆنفرانسی یەکەمی زانکۆی سلێمانی.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: بەشداربووی لە دەورەکانی وانە وتنەوە بە مامۆستایانی ئامادەییو ناوەندیو چەند دەورەیەکی تری زانستی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی/ تووی مەلیك

E-mail:chro1993@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## حاتم حمەجان حسن (مەلا حاتم)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: گوندی توره جار/ ناحیەی بێباز/ قەزای کەلار/ کەرکوك/ ١٩٦١
- شوێنی نیشتەجێبوون: کەلار
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: بڕیاردەری لیژنەی پێشمەرگە، ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠).
- کاری پێشوو: کارگێری لقی (١٥) گەرمیانی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: نووسینی لە ڕۆژنامەی خەباتو باسەرە بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: لە هەموو چالاکیە بۆنەیی نیشتمانییو نەتەوەییەکاندا بەشداری کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: کەلار/ مۆبایل: ٠٧٣٠١١٣٩١٦٧

E-mail: hatam_m50@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## حسن بابکر احمد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی/ رانیە/ گوندی بۆسکین، ١٩٥٨
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر.
- لیستی: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەوقافو کاروباری ئایینی
- کاری پێشوو: ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵو بەرپرسی مەڵبەندی (٣) لە هەولێر.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە شەریعەدا/ لە زانکۆی بەغدا (١٩٨٣)
- سەر بە چ لایەنێکە: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: لەچەند گۆڤارو ڕۆژنامەیەکدا نووسراو بلاوکراوەی هەیە
- فراکسیۆنی پەرلەمان: کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان.
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ برایەتی، ت: ٠٧٥٠٤٤٥١٤٧٥



## ناوی سیانی و نازناو:
## حسین محمد رشید (لۆلانی)

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: هەولێر (گوندی لۆلان)/ ١٩٦٣
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر (ئازادی)
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی خوێندنی ئایینی
- سەر بە چ لایەنێکە: بێ لایەن
- فراکسیۆنی پەرلەمان: پارتی دیموکراتی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: خزمەت کردن بە گەل و نیشتمان بەپێی توانا
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گەڕەکی ئازادی

E-mail: husenlolany@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## حمد عبدالله محمود (بەڵێن)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: گوندی سیاو- ناحیەی قوشتەپە- پارێزگای هەولێر/ ١٩٥٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: کشتوکاڵو ئاودێری، پەیوەندیەکانو ڕۆشنبیری.
- کاری پێشوو: ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٧٦/ ١٩٧٧
- ئەندامیەتی لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا: کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان.
- سەر بە چ لایەنێکە: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەندین نووسینو ووتاری لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: سیمینارو کۆڕ- گوتنەوەی دەرس لە پێگەیاندنی کادیر
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گەڕەکی راستی

Email: balenmahmood@hotmail.com



## ناوی سیانی‌و نازناو:
## خضر سلێمان خلیل ( پیر خدر )

- شوێن‌و مێژووی لەدایك بوون: شێخان ١٩٥٢/٧/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، لیژنەی رۆشنبیری‌و پەیوەندیەکان.
- کاری پێشوو: شارەزا لە وەزارەتی پەروەردە.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە زمان‌و ئەدەبی کوردی.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەرۆکی بنکەی لاش.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: پێنج کتێبی چاپکراو دەیەها لێکۆلینەوەو توێژینەوەی لەبارەی کوردناسی‌و ئێزیدی ناسی بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: ئێزیدی
- چالاکی تر: لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان.
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك- شیف جەردان/ بنکەی لاش ،ت: ٠٧٥٠٤٥٠٣٩٢٧

E-mail:pirxidir@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## خلیل ابراهیم محمد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: دهۆك ١٩٦٦
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر/ گەڕەکی مفتی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی کاروباری یاسایی.
- کاری پێشوو: ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- ئاستی خوێندن: ماستەر لە هزری ئیسلامیو دبلۆمی باڵا لە یاسا.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: لە رێکخراوە خێرخوازەکان کاری کردووە..
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: ووتاری لە هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاوکردۆتەوە (کەسایەتی موسلمان لە نێوان کەلەپورو وافید، رۆڵی چاودێری پەرلەمان گرنگیو میکانیزمەکانی (دبلۆم).
- فراکسیۆنی پەرلەمان: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: ئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانو ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- مفتی/ khalilmizury@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## خورشید سلیم شێرە

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: ناحیەی دیبەگە/ ١٩٣٨
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر/ گەڕەکی ئازادی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی.
- کاری پێشوو: وەکیلی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئایینی لە حکومەتی کوردستان.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ناوەندی
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان.
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: نووسینەوەی ژیاننامەی پێشمەرگایەتی.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ گەڕەکی ئازادی ژمارەی تەلەفۆن (٤٤٥٣٦٧٤)



## ناوی سیانیو نازناو:
## خەمان زرار أسعد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر ١٩٧٤/٣/١١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر/ برایەتی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەیوەندیەکانو رۆشنبیری.
- کاری پێشوو: خوێندکار
- ئاستی خوێندن: ماستەر لە یاسا / فەرەنسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی کۆمەڵەی خوێنکاران
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئاین: موسلمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ برایەتی



## ناوی سیانیو نازناو:
## د. دلێر اسماعیل حقی علی- شاوەیس

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی- ١٩٥٢/١٢/٣١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر/ گوندی زانکۆ- ٩٤
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی داراییو ئابووری- ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠).
- کاری پێشوو: مامۆستای زانکۆ
- ئاستی خوێندن: دکتۆراه
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا:سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، سەندیکای ئابوریناسانی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: میتۆدۆلۆژیەکانی پێشبینیکردنی گەشەکردنی پیشەسازیەکانی نەوت لە وڵاتانی ئۆپێك- بۆ نموونە عیراق، تایبەتمەندیەکانی گەشەکردنی ئابووری- کۆمەڵایەتیوسیاسی لە کوردستانی عێراق لە ساڵانی شەشستەکانو هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. لەگەڵ چەندانی تر.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- گوندی زانکۆ- ٩٤/

E-mail:dilershaweys@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## دلێر محەمەد شەریف/ ئاکۆ

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: کەرکوك/ ١٩٦٥
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: ئەندامی لیژنەی کاروباری قانوونی.
- کاری پێشوو: پارێزەر
- ئاستی خوێندن: بەکالۆریۆس لە یاسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: پارێزەران، رۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، پێشمەرگەی دێرین.
- سەر بە چ لایەنێکە: حزبی شیوعی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: سەرنووسەری گۆڤاری بیری نوێ.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: فراکسیۆنی سوور
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: هونەرمەندی شێوەکار
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- dler_msharif@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## رشاد احمد ابراهيم (بەزاز)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر ١٩٤١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی شارەوانیەکانو گەیاندنو گواستنەوە، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیو وزە.
- کاری پێشوو: جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی لە هەولێر. خاوەن کۆمپانیای بلۆك، لەگەڵ کاری بازرگانی.
- ئاستی خوێندن: (٣) ی ناوەندی
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ژووری بازرگانییو پیشەسازی هەولێرو ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر ١٦ ساڵ.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: رێبەری ژووری بازرگانییو پیشەسازی هەولێر ٢٠٠٥
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد     ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: ئەندام لە ئەنجوومەنی راوێژکاری چەند وەزارەتێك دوای راپەڕین مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١، ئەندامی دۆستایەتی عێراقی- ئیتالی/ سەنتەری کوردستان/ هەولێری پایتەخت، سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوان (التحكيم) لە ژووری بازرگانییو پیشەسازی هەولێر بۆ ماوەی (٢٢) ساڵ دەیان کێشەو ناکۆکی کەرتی پیشەسازیو بازرگانیی چارەسەرکرا لەڕێگای ئەم لیژنەیە.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ ئازادی/ rashad_ah1950@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## رشید کریم رشید ( حمه رشید ماوەتی )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: ماوەت ١٩٥١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر / سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەیوەندیەکانو رۆشنبیریی، شارەوانییەکان و گواستنەوەو گەیاندن، لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.
- کاری پێشوو: ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو.
- ئاستی خوێندن: خانەی مامۆستایانی سەرەتایی (٦٧- ٦٨).
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: جیاوازی دیدو بۆچونەکان، کەسێتی داهێنەر.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان.
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ مفتی/ ٤٤٥٤١١٦

Email: hr.mawaty@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## رمزیە احمد رشید ئامێدی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: ١٩٥٤ دهۆك/ ئامێدی
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك
- لیستی: نیشتمانیی دیموكراتی كوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان: لیژنەی پەروەردەو فێركردنی بالاّ.
- كاری پێشوو: مامۆستا
- ئاستی خوێندن: بكالۆریۆس لە ئاداب (جوگرافیا)
- ئەندامیەتی لە رێكخراو و كۆمەڵەكاندا: یەكێتی مامۆستایانی كوردستان
- سەر بە چ لایەنێكە: یەكێتی نیشتمانی كوردستان
- فراكسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: كورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك/ دیاری

E- mail: Ramziya_Amedy@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## دکتۆر رەمەزان عبدالرحمن حمد

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: توبزاوە/ دوكان/ سلێمانی/١٩٦٠/٧/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی. بەرانان، ژمارەی خانوو ٣٠، كۆلانی ١٢
- لیستی: نیشتمانیی دیموكراتی كوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان: لیژنەی كاروباری تەندروستیو كۆمەلایەتی.
- كاری پێشوو: بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی دوكان.
- ئاستی خوێندن: ماستەر لە نەشتەرگەری گشتی
- ئەندامیەتی لە رێكخراو و كۆمەڵەكاندا: ئەندامی سەندیكای پزیشكانی كوردستان
- سەر بە چ لایەنێكە: یەكێتی نیشتمانیی كوردستان
- فراكسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: كورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی/ دوكان
- E-mail:dr.ramazan60@yahoo.com



## ناوی سیانی و نازناو:
## رۆبیتان ابراهیم رۆستم ( چەرمەگا )

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی ١٩٦١/٨/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- ئیسکان
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە، لیژنەی پیشەسازی و ووزە.
- کاری پێشوو: قائیمقامی قەزای دوکان- ئیدارەی هەولێر.
- ئاستی خوێندن: دەرچووی ئامادەیی
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- ئیسکان

E- mail: robetanibrahim@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## د.رۆژان عبدالقادر أحمد دزەیی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر ١٩٧١/١/٩
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر/ گەڕەکی ئازادی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا، کاروباری تەندروستی و کۆمەلایەتی.
- کاری پێشوو: مامۆستای زانکۆ/ کۆلیجی یاسا/ هەولێر
- ئاستی خوێندن: دکتۆراه لە یاسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: سەندیکای مامۆستایانی کوردستان، یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەندین باسو توێژینەوەی یاسایی بلاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر::بەشداری لە خولێك لە عمانو سەردانی ولاتی سویدی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ گەڕەکی ئازادی/ ژمارەی خانوو (١٤)
- E-mail: RojanDizayee@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## رۆمیۆ حزیران نیسان هەکاری

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هاودیان- هەولێر/ ١٩٥٩/٣/٥
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- عەنکاوە
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی مافی مرۆڤ،و لیژنەی رۆشنبیریو پەیوەندیەکانو لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)و (لیژنەی پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان).
- کاری پێشوو: سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن (BNDP)
- ئاستی خوێندن: دەرچووی بەشی ئینگلیزی/ زانکۆی بەغدا/ کۆلیجی ئاداب (١٩٨٣- ١٩٨٤).
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: کۆمەڵەی دۆستایەتی گەلی عێراقی- ئیتالی، رێکخراوی پشتگیری لە گەلانی هەرەشە لێکراو، ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەندامی دەستەی کارگێری لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەب کردنی کوردستان.
- سەر بە چ لایەنێکە: حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن.
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چاوپێکەوتنو نووسینو ووتار لە رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆنە ناوەخۆو جیهانیەکان، بەستنی کۆرو سمینار.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: کلدانە ئاشوورییەکان
- نەتەوە: ئاشووری   ئایین: مەسیحی
- چالاکی تر: بەشداری وەفدی پەرلەمانی کوردستان  لە بەغدا بۆ پالپشتیو لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، لەگەڵ پەرلەمانی ئەورپا لە برۆکسل لە حوزەیرانی ٢٠٠٥ چاوپێکەوتنی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- عەنکاوە/ romeohakari2004@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## زرار طاهر أمين خليل

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: چوار قورنە- رانیە- سلێمانی/١٩٥٧/٦/٦
- شوێنی نیشتەجێبوون: رانیە- سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی ئەشغالو ئاوەدانکردنەوە، ئەندام لە لیژنەی داراییو ئابووری.
- کاری پێشوو: ئەندازیارو بەڕێوەبەری کۆمپانیای بیتوێن
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە کۆلیجی ئەندازیاری (بەشی میکانیك).
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندام لە یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر دەنگو ڕووناکی بڵاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: چوار قورنە- رانیە- سلێمانی

(zrar_tahir@yahoo.com)



## ناوی سیانیو نازناو:
## سارا خضر پیرۆت (سارا فەقێ خدر)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: قەڵادزێ/ سلێمانی/ ١٩٦٠
- شوێنی نیشتەجێبوون: قەڵادزێ
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان.
- کاری پێشوو: سەرپەرشتیاری پسپۆڕی فیزیا
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس- زانستی- فیزیا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی نوسەرانی کورد، کۆمەڵەی هاوکاری قەڵادزێ- سوید چەندان رێکخرای تر.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمنانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: کۆمەڵە شعر (گەمەی سێبەری شاتووەکان)
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر:نووسینو کۆڕو سیمینار لەسەر مەسەلەی ژنانو کۆمەڵایەتی
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی- قەڵادزی/ مۆبایل: ٠٧٥٠٤٥٢٣٧٩٣
- E-mail:sara_faqe@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## سالم محمد علی دۆسکی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سرسنگ- ئامێدی- دهۆك- ١٩٥٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: دهۆك- شۆڕش
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: لیژنەی مافی مرۆڤ.
- کاری پێشوو: پارێزەر
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە یاسا.
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: یەکێتی ماف پەروەرانی کوردستان، سەندیکای پارێزەرانی کوردستان
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: دهۆك- شۆڕش

E- mail: salimali@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## سەردار صباح بوزو ( هەرکی )

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: ١٩٧٠/٤/٢٢
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: بڕیاردەری لیژنەی کاروباری ناوخۆ، ئەندامی لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕۆشنبیری.
- کاری پێشوو: پارێزەرو ڕۆژنامەنووسو کارگێڕ مەڵبەند.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە یاسا
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا: مافپەروەرانی کوردستان، پارێزەرانی کوردستان، دامەزرینەری سەنتەری هزر بۆ داکۆکی لە ئازادی دەربڕین.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: ووتاری لە ڕۆژنامەو ناوخۆو دەرەوە بلاوکردۆتەوە.
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر:ئەندام لە لیژنەی بەدواداچونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر- برایەتی/ sardarherki@ hotmail.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## ملا سعدالدین مەلا عبداللە پلپیتانی

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر ١٩٧٤/٤/١
- شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر- شۆڕش
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: سەرۆکی لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی.
- کاری پێشوو: ووتاربێژو عەمیدی پەیمانگای ووتارخوێنان
- ئاستی خوێندن: ماجستێر لە فەلسەفەی ئیسلامی
- ئەندامیەتی لە رێکخراو و کۆمەڵەکاندا:
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: (اثر الاجتهاد ، اساليب البلاغة)
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: بەشداری کۆنگرەی نیشتمانی لە بەغداو لە کۆنگرەکانی دیکەی کردووە.
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/مۆبایل:٠٧٥٠٤٤٥٠٩٢٨

E- mail: sadaden@yahoo.com



## ناوی سیانی و نازناو:
## سوارە محمدامین محمد رشید

- شوێن و مێژووی لەدایك بوون: شارباژێر / سلێمانی/ ١٩٤٧
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی/ ئێستا لە هەولێرە.
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: کاروباری پێشمەرگە
- کاری پێشوو: پێشمەرگە
- ئاستی خوێندن: سێی ناوەندی
- سەر بە چ لایەنێکە: پارتی دیموکراتی کوردستان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: زەرد
- نەتەوە: کورد
- ئایین: موسڵمان
- ناونیشان وئیمێل: هەولێر/ گەڕەکی مامۆستایان



## ناوی سیانیو نازناو:
## سۆزان شهاب نوری (سۆزانی خاڵە شهاب)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: سلێمانی- ١٩٦١/٥/٦
- شوێنی نیشتەجێبوون: سلێمانی
- لیستی: نیشتمانیی دیموکراتی کوردستان
- ئەندامیەتی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان: بڕیاردەری لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، جێگری سەرۆکی لیژنەی بەدواداچوونو جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠).
- کاری پێشوو: کۆمپانیای ئاساسێل- بەشی پەیوەندیە گشتییەکان.
- ئاستی خوێندن: بکالۆریۆس لە زانستی کیمیا، دیبلومی باڵا- زانکۆی ویندزهایم- زڤۆڵە- هۆڵەندا
- ئەندامیەتی لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکاندا: ئەندامی هاوکار لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە داکۆکی دەکەن لە کەسو کاری شەهیدانو ئەنفال کراوەکان.
- سەر بە چ لایەنێکە: یەکێتی نیشتمانیی کوردستان
- توێژینەوەو بەرهەمەکان: چەند توێژنەوەیەك بە زمانی عەرەبی- وکوردیو هۆڵەندی سەبارەت بە بە ڕەوشی خوێندنو بەرنامەی چاکسازی لە خوێندندا کە هێشتا تەواو نەبوون هەروەها لەسەر مافی ژنان
- فراکسیۆنی پەرلەمان: سەوز
- نەتەوە: کورد ئایین: موسڵمان
- چالاکی تر: لە بوارەکانی نووسین لە ڕۆژنامەکانی کوردستان، لەسەر پەروەردەو مافی ژنانو کێشەی کۆمەڵگا بابەتی بڵاوکردۆتەوە.
- ناونیشان وئیمێل: سلێمانی- پاك سیتی/

susanshahab@yahoo.com



## ناوی سیانیو نازناو:
## سهام انور ولی (بیرقدار)

- شوێنو مێژووی لەدایك بوون: هەولێر/ ١٩٤٩
- شاتدەکانی پەرلەمانی کوردستان را پۆرتی سەردانەکانیان لەنێو هۆڵی پەرلەمان خوێندۆتەوە و بەسەر ئەندامانیش دابەش کراوە.

## پاشکۆی ( ٨ )

## ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن و پیاو لە پەرلەمانی کوردستان خولی دووەمدا*

| زنجیرە | ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن و پیاو لە خولی دووەمدا | ژمارەی پەرلەمانتاران |
|---|---|---|
| ١ | ڕێژەی پەرلەمانتارانی ژن لە پەرلەمانی کوردستان | ٢٩ |
| ٢ | ڕێژەی پەرلەمانتارانی پیاو لە پەرلەمانی کوردستان | ٨٢ |
| | کۆی گشتی | ١١١ |

## پاشکۆی ژمارە (٩)

## چاپکراوەکانی پەرلەمانی کوردستانو لیژنە هەمیشەیەکانی خولی دووەم.

پەرلەمانی کوردستان لە دەورەی دووەمیدا، سەرەڕای بەردەوامبونی لە چاپکراوەکانی یاساو بڕیارەکانیو پڕۆتۆکۆلاتو ڕۆژنامەی (پەرلەمان) ئەوا پەرلەمانی کوردستان بە زمانی کوردیو عەرەبی و ئینگلیزی ئەم کتێبانەی چاپکردووە.

١- پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق (٢٠٠٦) هەولێر سێ جار چاپکراوە.

٢- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی سربیا وەرگێڕانی ڤیان دزەیی (٢٠٠٦) هەولێر.

٣- ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢٥- ١٩٥٨) ئەحمەد ئەمین ئۆمەر (٢٠٠٧) هەولێر.

٤- ستۆکهۆلمو هەگبەیەکی پڕ زانیاری د. شوکریە رسول (٢٠٠٧) هەولێر.

٥- مقتطفات من النظام الداخلي للمجلس النيابي الألماني في دورته الانتخابية السادسة عشرة (٢٠٠٥- ٢٠٠٩) ترجمه من الانكليزية الحاكم عبدالكريم ابوبكر هموند.

وهەروەها پێنج لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمانیش ئەم کتێبانەیان بە زمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیزی بەچاپ گەیاندووە:

١- لیژنەی کاروباری یاسایی، (٢١) چاپەمەنی.

٢- لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتانو ژنان، چاپکراوێکیان (٤) چوار جار بە زمانی عەرەبیو دووجاریش بە زمانی ئینگلیزی چاپکردووە.

٣- لیژنەی شارەوانییەکانو گواستنەوەو گەیاندن، (کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپکردووە).

٤- لیژنەی مافی مرۆڤ، کتێبێکی لە شەش بەشدا بە زمانی عەرەبی چاپکردووە.

٥- لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئایینی، کتێبێکی بە زمانی عەرەبی چاپکردووە.

## یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

## بڕیاری ژمارە (١)

بەپێی پێویستیەکانی بەرژەوەندیی گەلی کوردستان- عێراق، سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستان- عێراق ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

## ژماری (١)ی ساڵی ١٩٩٢

## دەروازەی یەکەم

## پێکهێنانی ئەنجومەن

**ماددەی یەکەم:**

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە ئەندامان پێك دێ کە ژمارەیان لە (١٠٠)[1] ئەندام کەمتر نەبێ‌و، لەسەر بنەمای هەر نوێنەرێك بۆ (٣٠) هەزار کەس دەبێ.

**ماددەی دووەم:**

هەڵبژاردن بە دەنگدانی گشتی نهێنی راستەخۆ دەبێ.

---

١) **بڕیارێکی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی:** بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی چوار شەممەی ڕێکەوتی (١٩٩٢/٤/٨)دا سەبارەت بەم بارە نا ئاسایی‌و سەختە، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سازداو بڕیارێکی لەبارەی تەنیا ئەم خولەی هەڵبژاردنەکە کرد، بە تەرخانکردنی (٥) کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتی ئاشووری بەهەموو تایەفەکانیەوە بە (کلدانی کاثۆلیك‌و کڵیسای رۆژهەڵاتی ئاشووری (نەستووری) و سریان‌و ئەوانی دیکەوە) هەڵبژاردنیان لەلایەن رۆڵەکانی گەلی ئاشووری‌و لە دایەرەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە (١) کەلە ڕۆژی (١٩٩٢/٤/٨)دا دەرچووە بگونجێت.(ط. ج)

**ماددەی سێیەم:**

ئەندامی ئەنجوومەن دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستان- عێراق.

**ماددەی چوارەم:**

١. نابێ ئەندامێتی ئەنجوومەن‌و فەرمانبەریی گشتی بەیەکەوە کۆ بکرێتەوەو هەر فەرمانبەرێك کە بووە ئەندام لە ڕۆژی سوێند خواردنیەوە لەبەردەم ئەنجوومەن، بە وازهێنەر لە فرمانەکەی دادەنرێ.
٢. نابێ ئەندامێتی ئەم ئەنجوومەنەو ئەندامێتی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی دیکە کۆ بکرێتەوە.
٣. نابێ سەرۆکەکانی یەکەکانی بەڕێوەبردن‌و ئەفسەرانی هێزی ناوخۆ خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن بپالێون تاکو واز لە فرمانەکەیان نەهێنن.
٤. نابێ ئەندامی ئەنجوومەن لەکاتی ئەندامێتی‌دا، نەخۆی‌و نەبەهۆی یەکێکی دیکەوە عەقد لەگەڵ دەوڵەت ببەستێ‌و ناشبێ ئەندامیەتی یەکەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

هەموو ئەندامێکی ئەنجوومەن دەبێ خۆی تەنیا بۆ ئەنجوومەن تەرخان بکات.

## دەروازەی دووەم

## هەڵبژاردنی ئە نجوومەن

## فەسڵی یەکەم

## دەستەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی شەشەم:**

بە بڕیارێکی بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا پێك دەهێنرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن لە کوردستان- عێراقداو بە سەرۆکایەتی دادوەرێکی پلەی یەکەم

یا دووەمو ئەندامێتی داواکاری گشتی لەناوچەی ئیستئنافی یان جێگرەکەیو نوێنەرانی بەرەی کوردستانیو نوێنەری کارگێڕی دەبێو ئەم کاروبارانەی خوارەوە دەبینێ:

١- دەستنیشان کردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.
٢- پێکەوەنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو ناوچانەدا.
٣- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکانو دەستنیشان کردنی کاتو چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆكو ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن.

**ماددەی حەوتەم:**

پێك هێنانی لیژنەی ناوچەی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێكو دوو نوێنەر لەهەریەك لەبەرەی کوردستانیو نوێنەری هەریەك لە لیستەکانی هەڵبژاردن پێك دێت.

**ماددەی هەشتەم:**

لیژنەی مەڵبەندی هەڵبژاردن بە سەرۆکایەتی دادوەرێك یان جێگری داواکاری گشتی یاخود یاساناسێكو نوێنەری هەریەك لە لیستەکانی هەڵبژاردن پێك دێت.

## فەسڵی دووەم

## ناوچەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**

کوردستان- عێراق دەکرێتە چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن بەمەرجێ لەچوار ناوچە کەمتر نەبن.

**ماددەی دەیەم:**

ناوچەکانی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر چەند مەڵبەندێکی هەڵبژاردنو ئەمەش بە بەیاننامەیەکی لیژنەی ناوچە دەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی یازدەم:**

هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لەم یاسایەدا هاتوونو لەهەموو بەشەکانی کوردستان- عێراق دوای نەمانی کۆسپو تەگەرە دەکرێت کە ئێستا هەڵبژاردنی تێدا بکرێت.

## فەسڵی سێیەم

## وادەی هەڵبژاردن

**ماددەی دوازدەم:**

کاتو وادەی هەڵبژاردن بە بڕیارێکی بەرە دیاری دەکرێتو لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە لەماوەی بەلانی کەمەوە مانگێك پێش ئەو وادەیە بە هاولاتیان رادەگەیەنرێ.

**ماددەی سێزدەم:**

دەنگدان لەهەمو لایێکی کوردستان لەیەك ڕۆژدا جێبەجێ دەکرێ.

**ماددەی چواردەم:**

لەکاتی تەواو بوونی ماوەی ئەنجوومەن یا هەڵوەشاندنەوەی، بڕیارێك لە سەرۆکی دەستەڵاتی جێبەجێ کردنەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ پاش تەواو بوونی ماوەکە یا هەڵوەشاندنەوەکە دەردەچێو دەبێ وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ بەپێی حوکمەکانی ماددەی دوازدەمی ئەم یاسایە دیاری بکات.

## فەسڵی چوارەم
## خشتەی هەڵبژێرەکان

**ماددەی پازدەیەم:**

بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن خشتە بەناوی هەڵبژێرەکان و بەپێی ناوچەکانی هەڵبژاردنو بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی ئامادە دەکرێت، کە پیشەو ناونیشانو مێژووو شوێنی لەدایك بوونیان تێدا تۆمار دەکرێو بەگەڵێك دانە دەنێردرێن بۆ لیژنەی ناوچە ئەگەر ئەمە لەتوانادا نەبوو بکرێ، ئەو کاتە دەستەی باڵا ڕێگایەکی دیکەی لەبارتر دیاری دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئەوەی پێویستە.

**ماددەی شازدەیەم:**

لیژنەی ناوچە بەلانی کەمەوە (١٥) ڕۆژ پێش وادەی دیاری کراوی هەڵبژاردن، خشتەکان بەسەر مەڵبەندەکاندا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لە تابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بە هاوڵاتیان ڕابگەیەنێ، دوای ئەوەی کە بەمۆری ناوچەکە مۆریان دەکاتو ڕۆژی راگەیاندنەکەی لەسەر دەنووسێ لەگەڵ رەچاو کردنی ئەوەی کە لە ماددەی پازدەیەم هاتووە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**

فەرمانگەی[٢] باری حاڵو باڵی شارستانی پلیتی هەڵبژاردن دەدات بەهەر هاوڵاتی یەکی کە هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ، بەشێوەیەکی وا کە وەسفو شکلی بەپێی راسپاردەی دەستەی باڵا ڕێکخرابێو دەبێ لەکاتی دەنگداندا هەڵبژێر کەسایەتی خۆی پێ دەربخات.

---

(٢) فەرمانگەی باری شارستانی (دائرة الاحوال المدنية) (ط.ج).

**ماددەی هەژدەیەم:**

١. هەر کەسێکی مەرجەکانی هەڵبژێری تێدا بێو ناوەی لە خشتەی هەڵبژێران لە بیر کرابێ بۆی هەیە داوا بکات ناونووس بکرێو بۆیشی هەیە داوایناونووس کردنی هەر هاوڵاتیەکیش بکات کە بە ناحەق ناوی لەبیر کرابێو لەهەمان کاتیشدا دادەتوانێ دوای کوژاندنەوەی ناوی هەر هاوڵاتیەك بکات کە بەبێ حەق ناوی تۆمار کرابێ لە خشتەی هەڵبژێرەکان، ئەمانەش لەماوەی دە ڕۆژدا دەبێ لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی خشتەی هەڵبژێرەکانەوە.

٢. داوا کارییەکە پێشکەش بە لیژنەی ناوچە دەکرێ بۆ بڕیار دان لەسەری لەماوەیەکدا کە لە (٣) ڕۆژ پتر نەبێ لەمێژووی پێشکەش کردنی داوا کاری یەکەو حکمدانیش لەسەر ئەو داوا کارییە بە حکمێکی بن بڕە.

## فەسڵی پێنجەم

## مەرجەکانی هەڵبژێرو پاڵاوتن

**ماددەی نۆزدەیەم:**

هەر هاوڵاتییکی کوردستان- عێراق چ نێر بێ و چ مێ، بۆی هەیە ببێتە هەڵبژێر یا پاڵێوراو ئەگەر هەموو مەرجەکانی ئەم یاسایەی تێدا بێتەدی.

**ماددەی بیستەم:**

مەرجە هەڵبژێر لە هاوڵاتی کوردستان- عێراق بێو (١٨) ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ.

**ماددەی بیستو یەکەم:**

پێویستە پاڵێوارو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە جێ:

١. لە هاوڵاتییانی کوردستان- عێراق بێتو لێی نیشتەجێ بێت.

٢. تەمەنی لە (٣٠)ساڵ کەمتر نەبێتو شیاویيو ئەهلیەتی تەواوی هەبێ.
٣. خوێندنو نووسین بزانێ.
٤. بەو جۆرە تاوانانە حوکم نەدرابێت کە کار بکەنە سەر ڕەوشتو ئادابی گشتیو پاکیی.
٥. بە تاوانی کوشتنی ئەنقەستو دزیی حوکم نەدرابێت.
٦. لەو تاوانانە بەشداریی نەکردبێت کە لەلایەن دەستەڵاتی داپلۆسینەرەوە نەخشەیان بۆ کێشراوەو لە کوردستان جێبەجێ کراون.

## پاڵاوتن

**ماددەی بیستو دووەم:**

١- هەر حزبێك یان توێژێك یان کەمایەتیەکی نەتەوەیی وەك (تورکمان، عەرەب، ئاشووری،... وهی تر) بۆی هەیە لیستی تایبەتی بەناوی پاڵێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستان- عێراق پێشکەش بکات.

٢- لیستی پاڵێوراوەکان لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە مێژووی ڕاگەیاندنی هەڵبژاردن پێشکەش بە سەرۆکی دەستەی باڵا دەکرێتو هەموو بەڵگەنامەیەکی پێوە دەلکێنرێ کە لە ماددەی بیستو یەکەمدا هاتوون.

**ماددەی بیستو سێیەم:**

١. دەستەی باڵا لەماوەی بیستو چوار سەعات لە پێشکەش کردنی داواکارییەکان، سەیریان دەکات ویەك لایان دەکاتەوەو دوا بڕیار لەماوەی دوو ڕۆژ بە داواکاری پاڵاوتنەکەو نوێنەری لیستی پەیوەندیدار ڕادەگەیەنێ.

٢. داواکاری پاڵاوتن بۆی هەیە لەلای دادگای تێ هەڵچوونەوە (ئیستئناف) ی کوردستان لەماوەی دوو ڕۆژ تانوون لە بڕیاری دەستەی باڵا بدات.

٣. دادگای تێ هەڵچوونەوە (ئیستئناف) بە صیغەتی تەمییزی بڕیار خۆی لە ماوەی دوو ڕۆژ لەبارەی ئەو تانون لێدانە دەدات.

٤. پەیوەندیدارەکان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی بەهۆی تابلۆی بۆ زانینی ئەو لایەنانەی کە بڕیارەکە دەردەکات بەپێی ڕاگەیەنراو دادەنرێن.

٥. دەستەی باڵا بەهۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن لیستی پاڵێوراوەکان رادەگەیەنێو لە تابلۆی بۆ زانینی هەموو مەڵبەندێکە هەڵبژاردن ناویەك ناوچەی هەڵبژاردن بەر لە دوانزدە ڕۆژ لە وادەی دەنگدان هەڵدەواسرێن.

## فەسڵی حەوتەم

**ماددەی بیستو چوارەم:**

پڕۆپاگندەی هەڵبژاردن لە سنوورو چوارچێوەی یاساو دابو دەستووری گشتیو ئاداب ئازادە، بەمەرجێك بەرە دەبێ پرنسیپێکی یەکسانی دەرفەتو ماوەدان لەنێوانی لیستە کێ بڕکێیەکان (منافسە) دابین بکات.

**ماددەی بیستو پێنجەم:**

پڕۆپاگەندەکردنی هەڵبژاردن ڕۆژێك دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەکان دەست پێ دەکاتو چلو هەشت سەعات پێش دەست پێ کردنی کرداری دەنگدان رادەوەستێ.

## فەسڵی هەشتەم

**ماددەی بیستو شەشەم:**

سەرۆکی لیژنەی مەڵبەندی هەڵبژاردن، جگە لە دادوەرەکانو جێگرەکانی داواکاریی گشتی، بەر لەدەست بەکاربوونیان، لەبەردەم لیژنەی ناوچە بەم جۆرە

سوێند دەخۆن: (بەخوای گەورە سوێند دەخۆم کە کارەکەم بەڕاستیو دەست پاکیو بێ لایەنیی جێبەجێ بکەم).

**ماددەی بیستو حەوتەم:**

دەستەی باڵا ڕێنمایی دەردەچووینێو، بەپێی ئەو ڕێنماییەی شکڵو قەبارەی سندووقەکانی هەڵبژاردنو ڕێگەی داخستنو کردنەوەی دیاری دەکات.

**ماددەی بیستو هەشتەم:**

لیژنەی ناوچە پلیتی هەڵبژاردن چاپ دەکاتو سندووقەکە بەپێی ڕێنماییەکانی دەستەی باڵا ئامادە دەکات.

**ماددەی بیستو نۆیەم:**

١. دەربڕینی ڕا لە هەڵبژاردنی لیستەکان لە پلیتی هەڵبژاردن بە نووسین دەبێ کە دەستەی باڵا شکڵو شێوەو قەبارەو چۆنیەتی پڕکردنەوەی بە بەیاننامەیەك دیاری دەکات.
٢. هەڵبژێر (دەنگدەر) کە خوێندنەوەو نووسینی نەبێ بۆی هەیە پشت بە یەکێکی دیکە ببەستێ بۆ پڕکردنەوەی پلیتی هەڵبژاردنەکەی.
٣. جێگریی لە هەڵبژاردندا قبوول ناکرێ.

**ماددەی سی یەمین:**

سەرۆکی مەڵبەندی هەڵبژاردن پاراستنی نیزام لە مەڵبەندێکی خۆی دەپارێزیو بۆی هەیە هەموو کارێکی پێویست بکات بۆ دابین کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو نابێ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو چەکداران بچنە ناو مەڵبەندی هەڵبژاردن، تەنیا مەگەر لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەکەوە بێ.

**ماددەی سیو یەکەم:**

لیژنەی مەڵبەند حوکم لەسەر هەموو شکایەتێك دەدات کە لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە پێشکەشی کرابێو ئەمیش بە بڕیارێکی یەك لا کەرەوە، لە پرۆتۆکۆلێکی تایبەتدا تۆماری دەکات.

**ماددەی سیو دووەم:**

پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی یەوە دەست پێ دەکاتو لەسەعات (٨) ی ئێوارە کۆتایی دێتو دەستەی باڵا بۆی هەیە بە بەیاننامەیەك وادەیەکی دیکە دەست نیشان بکات بەمەرجێك لەو سەعاتانەی کە بۆ هەڵبژاردنەکە دانراون تێ پەڕ نەکات.

**ماددەی سیو سێیەم:**

لەکاتی تەواو بوونی وادەی دیاری کراوی پرۆسەی هەڵبژاردندا، سەرۆکی لیژنەی مەڵبەند کۆتایی هاتنی دەنگدان ڕادەگەیەنێو، ئەمەش لە پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردندا تۆمار دەکاتو سندووقەکان دەکاتەوەو دەنگەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیستەکی بڕکییەکان (المنافسه) لێك جیادەکرێنەوە.

**ماددەی سیو چوارەم:**

ئەم جۆرە پلیتانەی خوارەوە بە نادروست دادەنرێن:-

١. ئەو پلیتەی کە مۆری مەڵبەندی هەڵبژاردنی پێوە نەبێ.
٢. ئەو پلیتەی کە هیچ هێمایەکی بۆ هیچ لیستێکی پاڵێورانی بەسەرەوە نەبێ، یاخود بە جۆرێکی وانەبێ کە گومان بخاتە هەڵبژاردنی یەکێك لەو لیستانە.

**ماددەی سیو پێنجەم:**

١. لیژنەکانی ناوچەکان پرۆتۆکۆلێك دەنووسنو ئەنجامی دەنگدانەکەی تێدا تۆمارو ئیمزا دەکەنو لەناو زەرفێکی داخراوی مۆر کراوی دادەنێنو، دەیدەنە لیژنەی ناوچە.

٢. لیژنەی ناوچەش ئەنجامو بەڵگەنامەکان لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن وەردەگرێتو پرۆتۆکۆلێکی پێ تۆمار دەکاتو ئیمزای دەکاتو مۆری خۆی لێ دەداتو دەیداتە لیژنەی باڵا.

**ماددەی سیو شەشەم:**

١. سەرجەمی دەنگدانەکانی هەڵبژاردن بەسەر ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەندا دابەش دەکرێ بۆ دەرهێنانی تێکڕایی هەڵبژاردنەکە (المعدل الانتخابی).

٢. ئەو دەنگانەی کە هەر لیستێك بەدەستی هێناوە دابەش دەکری بەسەر تێکڕایی دەنگی هەڵبژاردنەکە، بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کە لیستی پەیوەندیدار بەدەستی هێناوە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەوەی لەم برگەی خوارەوەدا هاتووە.

٣. هەر لیستێکی ڕێژەی ٧٪ی دەنگەکانی بەدەست نەهێنابێ نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەندا ناکاتو دەنگەکانی بەسەر لیستە سەرکەوتووەکاندا دابەش دەکرێتەوە بەڕێژەی سەرکەوتنەکەی.

٤. ئەو کورسییە چۆڵانەی کە لە ئەنجامی وەدەست هێنانی پاشماوەیەك کە ناگاتە تێکڕایی دەنگی هەڵبژاردن دەخرێتەوە سەر ئەو لیستانە بەپێی زۆرترین ئەو دەنگانەی کە هێناویانە.

**ماددەی سی و حەوتەم:**

١. دەستەی باڵا ڕێژەی سەدیی هەر لیستێك کە بەدەستی هێناوە لە کورسیەکان ڕادەگەیەنێ.

٢. هەڵبژاردنی سەرکەوتووەکان لەنێوان پاڵێوراوەکاندا بۆ لایەنی خاوەنی لیستی هەڵبژاردنەکە بەجی دێڵێ‌و بۆ ئەوەی یەکێك لەم ڕێگایانەی خوراەوە بگرێتە بەر:

A. بە زنجیرە.

B. بە هەڵبژاردن.

C. بە قورعە.

٣. دەستەی باڵا ناوی سەرکەوتووەکان ڕادەگەیەنێ کە بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق.

**ماددەی سی و هەشتەم:**

دەستەی باڵا بۆی هەیە هەڵبژاردنی هەر مەڵبەندێکی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر دەرکەوت غەش یا فێڵی تێدا کراوەو کاردەکاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە.

## دەروازەی سێیەم

## ئەندامێتی لە ئە نجوومەندا

## فەسڵی یەکەم

## پشتیوانە ( حەصانە ) و پاداشتەکان

**ماددەی سی و نۆیەم:**

ئەندامی ئەنجوومەن هەر ڕاو بۆچوونێك دەربڕێ، یان کردارێك لەماوەی کارکردنی لە ئەنجوومەندا ئەنجام بدات بەرپرسیار نابێت.

**ماددەی چلەم:**

١. نابێ هیچ ئەندامێك بەبێ ڕەزامەنیی ئەنجوومەن بگیرێ بەهۆی هەر تاوانێك بێ، لەماوەی بەستنی ئەنجوومەندا، تەنیا لەو بارە نەبێ کە تاوانێکی لەدەست قەومابێ.

٢. نابێ هیچ کەسێك لە ئەندامان لەماوەی دەرەوەی بەستنی ئەنجوومەندا بەهۆی هەر تاوانێك بی بگیرێ، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی‌و ڕێگەدانی سەرۆکی ئەنجوومەن تەنیا لەو بارەدا نەبێ کە تاوانێکی لەدەست قەومابێ.

**ماددەی چل‌و یەکەم:**

سەرۆك‌و جێگری سەرۆك‌و سکرتێرو ئەندامانی ئەنجوومەن مانگانە پاداشتێك وەردەگرن کە ئەنجوومەن دەست نیشانی دەکات.

**ماددەی چل‌و دووەم:**

١. ماوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن بۆ مەبەستی سەر مووچەو بەرزکردنەوەو خانەنشین کردن حسێب دەکرێ.

٢. ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەن لەکاتی خزمەت کردنی لە ئەنجوومەندا یان بەهۆی ئەوەوە بمرێ، ئەوا مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوەو ئەنجوومەن بڕەکەی دەست نیشان دەکات.

## فەسڵی دووەم

## تەواو بوونی ئەندامێتی

**ماددەی چل‌و سێیەم:**

ئەندامێتی ئەنجوومەن لە یەکێك لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێ:

١. کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجوومەن یان هەڵوەشانەوەی.

٢. واز هێنانی ئەندامەکە خۆی‌و لە ڕۆژی بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ کاری پێ دەکرێ.

٣. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی پاڵاوتنی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی تێدا نەماو، ئەنجوومەنیش بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامە ئامادەبووکانی بڕیاری لەسەربدات.

٤. ئامادە نەبوونی ئەندام لەسێ کۆبوونەوەی لەسەریەك، بەبێ دەربڕینی عوزرێکی مەشروع.

٥. مردنی ئەندام.

**ماددەی چل‌و چوارەم:**

ئەگەر یەکێك لە کورسی یەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، پاڵێوراوێکی دیکە لەهەمان لیستدا جێی ئەندامەکەی پێشوو دەگرێتەوەو لایەنی خاوەن لیستەکە بەپێی حوکمی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٣٧) لەم یاسایەدا دەست نیشانی دەکات[٣].

**ماددەی چل‌و پێنجەم:**

ئەنجوومەن لە هەولێر دەبەسترێ‌و دەشبێ لەهەر شوێنێکی دیکە ببەسترێ کە ئەنجوومەن لەکاتی پێویستدا دەست نیشانی دەکات.

**ماددەی چل‌و شەشەم:**

ئەنجوومەن یەکەمین دانیشتنی لەسەعات دەی سەر لە بەیانی دەیەمین ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبەستێ.

---

(٣) ئەم ماددەیە بەپێی یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ەوە هەموارکراوە ئەمیش بەگوێرەی بڕیاری ژمارە (٣٤)ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤ ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان– عێراق.

**ماددەی چل‌و حەوتەم:**

ئەنجوومەن یەکەمین دانیشتنی بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبەستیٚ‌و ئەندامەکانی ئەم سوێندە دەخۆن:

(بەخوای گەورە سوێند دەخۆم کە پارێزگاریی یەکێتی گەل‌و خاکی کوردستان-عێراق‌و بەرژەوەندییە بالاٌکانی بکەم).

**ماددەی چل‌و هەشتەم:**

ئەنجوومەن لە یەکەمین دانیشتنیدا، بەرِێگەی دەنگدانی نهێنی سەرۆك‌و جێگری سەرۆك‌و سکرتێری ئەنجوومەن بەزۆربەی موتلەقی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن هەلٌدەبژێریٚ.

**ماددەی چل‌و نۆیەم:**

١. ئەنجوومەن لە دانیشتنی یەکەمیدا وادەی دەورەکانی ببەستنی دەستنیشان دەکات، بەمەرجیٚ سالاٌنە لەدوو دەورە کەمتر نەبیٚ.

٢. سەرۆکی ئەنجوومەن یان چواریەکی ژمارەی ئەندامانی بۆیان هەیە داوای بەستنی دانیشتنی نائاسایی بکەن‌و کۆبوونەوەکەش تەنیا بۆ سەیر کردنی چەند بابەتێکە کە لە داواکارییەکەدا دەردەبڕێن.

٣. سەرۆکی ئەنجوومەن بۆی هەیە، لەکاتی پێویست‌و لەسەر داوای سەرۆکی دەستەلاٌتی جیٚبەجیٚکردن، داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات.

**ماددەی پەنجایەم:**

١. کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی نەبیٚ راست‌و دورست نابیٚ‌و بڕیارەکانیش بەزۆربەی موتلەقی دەنگی ئامادەبووان دەردەچوویٚنیٚ ئەمەش بەدەر لەو بارانەیە کە پێویستی بە زۆرینەیەکی تایبەتی هەیەو لەکاتی بەرانبەربوونی ڕایەکانیشدا دەنگی سەرۆك لەگەلٌ کام لا بێت ئەو لایە سەردەکەوێت.

٢. دەنگدان لەسەر یاسا مادده بە مادده دەبێت.

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

ماوەی ئەنجوومەن سێ[٤] ساڵەو لە یەکەمین دانیشتنەوە دەست پێ دەکاتو بە دوا کۆبوونەوەی دانیشتنی ساڵی سێیەمی کۆتایی دێت.

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

دانیشتنەکانی ئەنجوومەن ئاشکرانو دەشێ لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەن یا بەلانی کەمەوە چواریەکی ئەندامانیو ڕەزامەندیی ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگی ئامادەبووان دانیشتنەکە نهێنی بێت.

**ماددەی پەنجاو سێیەم:**

دەستەلاتی جێبەجێکردن کە لە ئەنجوومەن هەڵێنجراوە یا دە لە ئەندامانی ئەنجوومەن بۆیان هەیە پرۆژەکانی یاساکان پێشنیاز بکەنو ئەو پرۆژانەو وتووێژیان لەسەر ناکرێ بەرلەوەی لیژنەی تایبەتیو پسپۆڕ سەیری بکاتو، هەر پرۆژەیەك ئەنجوومەن رەتی بکاتەوە لەماوەی هەمان دەورەی بەستنی ئەنجوومەن پێشکەش ناکرێتەوە.

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

١. هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بۆی هەیە بەپێی پێوەری ناوخۆی ئەنجوومەن پرسیار ولێ پرسینەوە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن کات، لەو بابەتانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی کارو دەستەڵاتەکانیانوئەوانیش دەبێ لەماوەی حەوت ڕۆژ لەمێژووی پی ڕاگەیاندنیان وەڵامی بدەنەوەو لەناو ئەنجوومەندا لەکاتی پێویستیشدا وتووێژ لەسەر بابەتی لێ پرسینەوەکە دەکرێ.

---

(٤) دواتر ئەم یاسایە، لە ساڵی ١٩٩٨ هەموارکراوو کرا بە چوار ساڵ (ط.ج).

٢. چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەن، بۆیان هەیە داواکارییەك پێشکەش بکەن بۆ بڕوا لێ سەندنەوە لە ئەنجوومەنی جێبەجێ کردنو ئەنجومەنیش تا ماوەی حەوت ڕۆژ لە مێژووی پێشکەش کردنیەوە، وتووێژ لەسەر ئەم داواکارییە ناکاتو دوای دوو ڕۆژ وتووێژ کردن ئێنجا دەنگی لەسەر دەدرێ.

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە پارێزگاریی لە نیزامو ڕێکوپێکی ناو ئەنجوومەن دەگرێتە ئەستۆ.

## دەروازەم پێنجەم
## ئەركو دەستەڵاتەكانی ئەنجوومەن

**ماددەی پەنجاو شەشەم:**

ئەنجوومەن ئەم ئەركو دەستەڵاتانەی خوارەوە جێبەجێ دەكات:

١. یاسادانان.

٢. بڕیار دان لەسەر ریكەوتنەكانو یەكلاكردنەوەی كێشە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستان- عێراقو دیاری كردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندییدا.

٣. دەست نیشان كردنی سەرۆكی دەستەڵاتی جێبەجێكردن كە ئەویش دەستەڵاتی ناولێنانی ئندامانی هەیە لەنێوان ئەندامی ئەنجوومەنو دەرەوەیدا.

٤. متمانە پێدان بە ئەنجوومەنی وەزیران یان لێ سەندنەوەی.

٥. بڕیار دان لەسەر بودجەی گشتیو نەخشەكانی گەشە پێدان.

٦. چاودێری دانان لەسەر دەستەڵاتی جێبەجێکردن.
٧. پێکهێنانی لیژنەی هەمەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر کاروبارێکی بیەوێ.
٨. دانانی سیستەمی ناوخۆو دیاری کردنی پێکهاتەکەی‌و بڕیاردان لەسەر هاوسەنگی‌و دامەزراندنی کارمەندەکانی.
٩. پێکەوەنانی لیژنەی هەمیشەیی‌و کاتی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەن بەپێی پێوەری ناوخۆی.
١٠. دانانی بنچینەیەك بۆ گوناهبار کردن لێ پرسینەوەی ئەندامانی لەکاتی شکاندنی ئەم سوێندە کە خورادوویانە.
١١. جیاکردنەوەو یەکلاکردنەوەی تانووتەکانی کە پێشکەش کراون لەبارەی دروستی هەڵبژاردنی ئەندامانەوەو، ئەندامێتی بەزۆربەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی نەبێ هەڵناوەشێتەوە.

## دەروازەی شەشەم
## تاوانە هەڵبژاردنییەکان

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

کەسێکی گەر ئەمانەی خوارەوە بکات سزای گرتنی دەدرێ:

١. دەنگدەران بەپارە هەڵخەڵەتێنێ یا ڕێگای فروفێڵ کردن یاخود توندو تیژی بەکاربهێنێ بۆ هەڵبژاردنی یەکێك یان ڕێگەگرتن لە هەڵبژاردنی یەکێکی تر.
٢. سندووقی دەنگدەران بدزێ یان دەستی بەسەردا بگرێ یان بیشکێنێ یاخود ئەمانە بۆ پلیتەکانی هەڵبژاردن بەکاربێنێ یان تاوانێکی لەکاتی

بەرەنگار بوونەوەی لەسەر ئەم کردەوانەی کردو بکەوێتە بەر حوکمی یاسای سزادانەوە.

٣. ناوی خۆی بە ئەنقەست لە خشتەکانی هەڵبژاردن دووبارە کردەوە.

٤. دووجار دەنگی دا.

٥. لیستێك بنووسرێ بە پێچەوانەی ئەو دەنگدەرەی پێی دەنووسێ.

٦. بەهەر رێگەیەك بێت رێ لە هەڵبژێرێك بگرێ دەنگ بدات.

٧. نەهێڵێ هەڵبژاردن بکرێو کۆسپ بخاتە پێشی.

٨. فروفێڵ لەکاتی جوداکردنەوەی دەنگەکاندا بکات.

٩. لە حوکمو رێنماییەکانی پڕۆپاگندەی هەڵبژاردن لابدات.

## دەروازەی حەوتەم

## حوکمە جیاجیاکان

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**

هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار بۆی نییە بچێتە ناو ئەنجوومەن یان لەنزیکییەوە بوەستێ یا دانیشێ، مەگەر تەنیا لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەن بێ.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**

دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی هەڵبژاردندا گوێ لە هیچ داواکاریە ناگیرێت کە لەبارەی هەڵبژاردنەوە پێشکەش کرابێت.

**ماددەی شەستەم:**

ئەو یاسایانەی کە لە ئەنجوومەن دەردەچن لە ڕۆژنامەیەکی تایبەتدا بلاو دەکرێنەوە کە خۆی دەری دەکاتو لە ڕۆژی بلاوکردنەوەیانەوە جێبەجێدەکرێن، تەنیا مەگەر ئەنجوومەن مێژوویێکی دیکە بۆ جێبەجێکردنیان دابنێ.

**ماددەی شەستو یەکەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی)دا[٥] جێبەجێ دەکرێ.

لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨ی زایینی بەرامبەر بە ١٩/ نەورۆز/ ٢٦٩٢ کوردی دورچووە.

**ڕێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی**

| | |
|---|---|
| جلال تالەبانی | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| مسعود بارزانی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| عبداللە ئاگرین | پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (پاسۆك) |
| رسول مامەند | حزبی سۆسیالیستی کوردستان- عێراق |
| عزیز محمد | حزبی شیوعی عێراق |
| سامی عبدالرحمن | حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان |
| قادر عزیز | حزبی زەحمەت کێشانی کوردستان |
| یعقوب یوسف | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری |

## هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

حکوومەتی عێراق لەم دواییەدا هەندێ کاری وای کردووە کە لەمەوبەر شتی وای نەکردووە. چونکە بڕیاری کێشانەوەی بەڕێوبردنەکانی (فەرمانگەو فەرمانبەران) ی خۆی لەناوچەی کوردستاندا، بەمەش بۆشاییەکی حکوومیو یاساکاریی بێ هاوتای بەجێ هێشت. ئەم بارە بەرەی کوردستانی کە لە گەڵیدا لەوتووێژدابوو خستە بەردەم بارێکی ئاڵۆزو تاقی کردنەوەیەکی سەختو گران،

[٥] یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەی رەسمیدا (وەقائعی کوردستان) لە پەرلەمان دەرچووێنرا (ط. ج).

چونکە هەر کۆمەڵگایەك مرۆڤی تێدابێ، دەبێ کاروباری رێك بخرێو، لە پێناوی سەروەریی یاساو دامەزراندنی دادو دابین کردنی خۆراكو داو دەرمانو پاراستنی ئاسایشو مافو موڵكوماڵو ئازادیو شکۆمەندیی هاوڵاتییان کە بە هەوڵو کۆششی خودی تاکە کەسی دابین ناکرێنو لەئەنجامیشدا دەبێتە هۆی بەیەکدادانو گێرەشێوێنی. بەڵکو پێویستی بەکارێکی هاوبەش هەیە بۆ رێکخستنی ئاسایشی کۆمەڵو بەڕێوەبردنی کاروباریو دامەزراندنی حوکمی یاساو دادپەروەریی بەهۆی نوێنەرانییەوە.

مرۆڤایەتی لە کۆنەوە وەك شێوەیەك لە دەربڕینی ئاواتو روانینە دووا ڕۆژی خۆیو هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ حوکم کردنو بەڕێوەبردنی، دانی بە دیموکراتیەتدا هێناوە.

ئەم پرنسیپە سەلماندوویەتی کە بە چاکی بۆ کارپێکردن دەشێو شیاوی تاقی کردنەوەیەو هیچ پرنسیپێك بە درێژایی چاخەکانی مێژوو بەقەدەر دیموکراتیەت بەرگری لەخۆی نەکردووە، تاکو بۆوتە شێوەو رێبازی جیهانی ئەمرۆکە، جیهانێك کە لاپەڕەی رژێمە دکتاتۆرییەکان دەپێچێتەوەو کۆڵەکەکانی سیستەمێکی نوێی جیهانی لەسەر بنچینەیەکی سەرەکیو پتەو بنیات دەنێ کە ئەمانەن:-

(دیموکراتیەتو ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤو ئازادی یەکانی)

بەرەی کوردستانی بەو ناوەی کە دەستەڵاتی ئەمری واقیعە (Defacto) بڕیاریدا کە لەرووی ئەم تاقی کردنەوە سەختو گرانەدا بوەستێ کە حکوومەتی عێراق خستویەتیە پشتیو بڕیاریشیدا کە بە گیانێکی سەردەمی نوێو هەروەها بە گۆڕینی ئەم کاروبارانە بۆ ئەم واقیعەی کە کوردستان تێیدا دەژین. بە هاویشتنی یەکەم هەنگاو لە کاروانی گەیشتنی ئەم میلەتە بە کراوباری جیهانی شارستانیی پێشکەوتوو بۆ دامەزراندنی بنیاتی کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر بنچینەی دیموکراتیەتو ڕێزگرتن لەمافو ئازادیی مرۆڤ بەپێی ئەو پەیمانو

دابوو دەستوورانەی کە دەوڵەتان بڕیارایان لەسەر داوە. تاکو بۆ هەموو جیهانی بسەڵمێنێ کە گەلی کوردستان- عێراق لە توانایدا هەیە بەپێی ئەو بنچینانەی کە ئەمڕۆکە عالەم دانی پێداهێناوە بەڕێوەی ببات.

بەرەی کوردستانی لەمەوبەر لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەپێی پێڕەوی ناوخۆی(٦) بڕیاری دابوو ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی کوردستان پێك بێنێ بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونی گەلی کوردستان دەربڕێو ببێتە خاوەنی کلیلی چارەنووسی خۆی، بەڵام باری گونجاوی بۆ هەڵ نەکەوت تاکو ئەم بڕیارە بە کردار جێبەجێ بکات، نەلەم دوو ساڵەی رابردوودا بەهۆی راپەڕینە شکۆدارەکەی گەلەکەمان لە بەهاری ١٩٩١داو، نەلەدوای ئەوەشدا. لەبەر رووداوە خێرایە یەك لەدوای یەکەکانو کۆڕەوە مەزنە مێژوویی یەکەو، لە دواییشدا وتووێژکردن لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا، ئەو وتووێژەی کەتاکو ئێستا کە هیچ شتێکی کە بەرەی کوردستانی ئامانجو ئاواتی

---

(٦) **ئەلف:** لە بەرنامەی بەرەی کوردستانی عێراق لە خاڵی دووەم لە لاپەڕە ١٦دا هاتووە.

ح–وڵات بردنە ناو بارو وەزعێکی دەستووریو دیموکراتیەوە لە ڕێگەی دانانی یاسایەکی دیموکراتیەوە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی دامەزرێنەر کە دەستووری هەمیشەیی دابنێ، لەسەر بناغەی هەڵبژاردنی گشتیو راستەوخۆو یەکسانو بەشێوەی نهێنیو لەسەر بنچینەی جوداکردنەوەی دەستەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەری.

**بێ:** هەروەها لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستان– عێراق/ ١٩٨٨ خاڵی سێیەم لە لاپەڕە ٣٢دا هاتووە: ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان: بەرەی کوردستانی ئەنجوومەنێکی نیشتمانیی، لە نوێنەرانی رێکخراوە سیاسیو پیشەییو جەماوەریەکان لە نوێنەرانی کەمایەتی نەتەوەییو ئایینیەکانو کەسانی نیشتمانپەروەری ناسراوی کوردستان، پێکدەهێنێ، بەپێی یاسایەك کە بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێ، دەستەڵاتەکانی ئەم ئەنجوومەنە دیاری دەکات لە **یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق لە حوزەیرانی ١٩٨٨دا بڕیاردراون.** (**ط.ج**).

بوو، لە هێنانەدی ویستە ڕەواکانی کوردستان- عێراق جێبەجێ نەکرد، چونکە پاشەکشەی لەو بەڵێنانەی خۆی کە لە سەرەتای وتووێژەکە دابوونی کرد، جگە لە بەکارهێنراوی گەلێك جۆرە گوشاریی سەربازییو ئابووریو داراییو کارگێڕیو دەروونیی، کە ئەمانەش لەگەڵ هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی دان پێداهێنراوی جیهانی شارستانییدا ناگونجێن.

لەبەر ئەمانە و لەبەر ئەوەی دیموکراتیەت مانای حکومڕانی گەلو کارگێڕێتی بەهۆی نوێنەرانیەوەیە کە بە ئازادی یەکە تەواو هەڵیان دەبژێریو هەموو دەستەڵاتێکیان پێ دەسپێرێ بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی یاساو حوکمەکەی بەپێی زنجیرەیەك لە کاروباری وا کەببنە مایەی دامەزراندنی کۆمەڵێك لە دەزگای ڕێکخراوی تایبەتمەند بەپێی پرنسیپی جیاکردنەوەی هەر سێ دەستەڵاتەکانی یاسادانو جێبەجێکردنو دادوەری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەو دامەزراندنی کارگێریە یەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان- عێراقو دەست نیشان کردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندیی، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی ئازادو دیموکراتی بەهەموو مانایێکیو شەوە نەبێ نابێت، بۆیە ئەم یاسایە دەکرا.

**سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی**

**٨/٤/١٩٩٢ز**

**١٩/ نەورۆز/ ٢٦٩٢ك**

**( یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراقی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ )**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار ٣٤**

**ڕۆژی بڕیار ١٩٩٤/١٢/١٤**

## بـــڕيـــار

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیاری ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەن، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە (١٦) شانزەمین دانیشتنی خۆی لە ١٩٩٤/١٢/١٤دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەدا:

**( یاسای ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ١٩٩٤ )**

**( یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراقی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ١٩٩٢ )**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (٤٤) لە یاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ دوای هەموارکردن بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

ئەگەر یەك لە شوێنەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو پاڵێوراوێکی تری هەمان لیست لەلایەن خاوەنی لیستەکەوە دەستنیشان دەکرێت جێگەی ئەندامەکەی پێشوو دەگرێتەوە، وەك لە بڕگە (٢) ی مادده (٣٧)ی ئەم قانوونەدا هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێتو لە ڕۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئە نجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٣**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٨/٤/٢٩**

**(بڕیار)**

پشت بەو دەستەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠) دەی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق لە دارشتنی ژمارە (١١)ی ڕۆژی ١٩٩٨/٤/٢٦دا یاساکاری کردووە ئەم بڕیارەمان دەرهێنا:

**یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٨**
**(یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢)**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ‌و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

١. ئەندامێتی ئەنجوومەن‌و فرمانە گشتییەکان پێکەوە کۆناکرێتەوە، فەرمانبەری گشتی بەدەست لەکار کێشراوە حسێب دەکرێ لەو ڕۆژەوە کە لەبەرامبەر ئەنجوومەندا سوێند دەخواو، لەسەریەتی کە سکرتاریەتی ئەنجوومەن لە هەڵوێستی فەرمانبەرایەتیەکە ئاگادار بکاتەوە.
٢. نابێ ئەندامێتی ئەنجوومەن‌و ئەندامێتی لە یەکێك لە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوە پەیوەندارەکان بە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆبکرێتەوە، ئەندام لەسەریەتی کە یەکێك لەو ئەنجوومەنانە هەڵبژێرێ لەماوەی هەشت ڕۆژ لە جاڕدانی ئەنجامی هەڵبژارن، ئەگەر وای نەکرد بە

هەڵبژاردەی ئەم ئەنجوومەنە حسێب دەکرێو ئەنجوومەنیش بەمە ئاگادار دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

برگەی یەکەم لە ماددەی پەنجا هەموار دەکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(بەستنی ئەنجوومەن یاسایی نابێت ئەگەر زۆرینەی ئەندامەکانی ئامادەنەبن، ئەنجوومەن بڕیارەکانی بە ئامادەبوونی زۆرینە دەدا، لەو بارانەدا نەبێ کە زۆرینەی تایبەتی گەرەکە، بەگوێرەی یاسا، لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش دا بەلای دەنگی سەرۆك دادەلەنگێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی پەنجاو یەك هەموار دەکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماوەی ئەنجوومەن چوار ساڵە، لە یەکەم دانیشتنەوە دەست پێدەکاو بەدواین دانیشتن لەساڵی چوارەمدا دوماهی پێدێ).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی پێنجەم هەموار دەکرێو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەموو ئەندامانی ئەنجوومەن بۆ کاری ئەنجوومەن خۆیان تەرخان کردووە، ئەنجامدانی ئیشو کاری حزبایەتی یان نیقابی یان رێکخراوە جەماوەرییەکان بە ئەنجامدانی وەزیفە یان دەست ڕەنگینی یان پیشەیی حسێب ناکرێو لەگەڵ مەبەستی ئەم یاسایەدا هاودژ نییە).

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە مێژووی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێو لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا پەخش دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئە نجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان : ٤٧**

**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٤/١١/٢١**

## بڕیار

پشت بەستن بە حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق‌و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە ئەنجوومەن لە دانیشتنی ژمارە (٥٤) ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١١/٢٠)دا ئەنجامی داوە، بەپێی ئەو دەستەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە ( ٤٧ )ی هەموار کراوی ساڵی ( ١٩٩٢ )ی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق

**ماددەی یەکەم :**

ماددەی یەکەم هەموار دەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی یەکەم: ئەجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە سەدو یازدە ئەندام پێك دێت).

**ماددەی دووەم :**

ماددەی شەشەم هەموار دەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی شەشەم: بەپێی یاسایێ، هەیئەتێکی باڵای سەربەخۆ، بۆ سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکانو هەڵسوڕاندنی چالاکیەکانی هەڵبژاردن، لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا، پێك دەهێنرێ. ئەم هەیئەتە لیستەکانی هەڵبژێرەران ئامادە دەکاو، مەرکەزەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمدا دیاردەکاو، ڕێنمایی پێویستیش بۆ ساناکردنی رەوشی هەڵبژاردنەکانو ناوەزەندکردنی سەرۆکەکانو ئەندامانی لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن دەردهێنێ).

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەی باڵای سەربەخۆ کە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق دەکا، بۆی هەیە، شێوەو شێوازی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لەچوارچێوەی یەکە ئیدارییەکاندا دیاربکاو، لیژنەکانەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردنیش پێك بهێنێ).

**ماددەی چوارەم:**

ماددەی نۆیەم ئیلغادەکرێو، ئەمەی خوارەوە دێتە جێی:

(هەرێمی کوردستان- عێراق بە یەك ناوچەی هەڵبژاردن لەقەڵەم دەدرێو، دابەش دەکرێ بەسەر مەرکەزگەلی هەڵبژاردندا).

**ماددەی پێنجەم:**

(ماددەی دەیەم لەیاساکە ئیلغادەکرێ).

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی دوازدە لە یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لە پازدە رۆژەی پاش تواوبوونی ماوەی ئەنجوومەن، یان کاتێ خۆی بە بڕیارێ، خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە، وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم

دیاردەکرێ‌و لە ڕێگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بەسەر هاووڵاتیاندا، بەر لەو وادە دیارکراوە، بە ماوەیەك بڵاودەکرێتەوە لە مانگی کەمتر نەبێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ماددەی پازدە هەمواردەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لیستەکاتنی ناوی دەنگدەران، بۆ هەرێمی کوردستان، بەپێی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئامادە دەکرێن‌و بەپێی پیتی ئەبجەدی ریز دەکرێ‌و پیشەو عینوان‌و بروارو شوێنی لە دایکبوونی تێدا دەنووسرێ، ئەگەر ئەوەش نەلوا، ئەوە، لەو بارەدا هەیئەی باڵا بۆی هەیە، ڕێگەیەکی دیکەی لەبار، بۆ وەدەست هێنانی ئەو مەبەستە بدۆزێتەوە).

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی شازدە هەمواردەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەیئەی باڵا، دابەشکردنی لیستەکان بەسەر مەرکەزەکانی هەڵبژاردندا، لە هەرێمدا، دەگرێتە ئەستۆی خۆی‌و، بەو لەوحەگەلێکدا، کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە دەکرێن چەسپ دەکرێن، تا هاووڵاتیان بتوانن هەر هیچ نەبێ، پێش پازدە ڕۆژ لەوادەی دەنگدان، لیستەکان ببینن، بە مەرجێکیش مۆری هەیئەی باڵایان لێ درابێ‌و بروارى ئیعلانکردنەکەی پێوە دیاربێ، لەگەڵ رەچاوکردنی دەقی ماددەی پازدە).

**ماددەی نۆیەم:**

بڕگەی (٢) لە ماددەی هەژدە هەواردەکرێ‌و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢-داواکە، لەگەڵ ڕای لیژنەی مەرکەزی پێوەندیداری هەڵبژاردن، پێشکەش بە هەیئەی باڵا دەکرێ‌و، هەیئەی باڵاش، لە ماوەیەکدا، لە سێ ڕۆژ نەترازێ- کە لە ڕۆژی پێشکەش کردنی داواکە دەست پێ دەکا- سەیری دەکاو یەکلای دەکاتەوە).

**ماددەی دەیەم:**

بڕگەی (١) لە ماددەی بیستو دووی یاساکە هەموار دەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(هەر حیزبێ، یان هەر گروپێ لە کوردستاندا، بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات، ناوی پاڵێوراوەکانی خۆی، لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا، تێدا بێت، بە مەرجێ رێژەیەك ئافرەتیان تێدابێ، لە (٢٥٪) کەمتر نەبێو، ناوی پاڵێوراوەکانیش بە جۆرێ رێزکرابێ کە، لە کەمیی، ناوی یەك پاڵێوراوی ئافرت لەناو چوار ناواندا هەبێۆ لەناو چوارناوەکەی پێشەوەی لیستەکەشدا، ناوەکان، هەر بەو شێوەیە ریزدەکرێن تا کۆتایی لیستەکە، بە مەرجێکیش، هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە چوار پاڵێوراو کەمتر نەبێ.

**ماددەی یازدە:**

هەردوو بڕگە (٢، ٣) لە ماددەی بیستو سێ هەموار دەکرێنو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢- خۆپاڵێو، بۆی هەیە، لە دادگای پێداچوونەوە (التمییز)ی هەرێمی کوردستان، تانە لە بڕیاری هەیئەی باڵا بدات، لە ماوەی دوو ڕۆژدا- کە لە ڕۆژی تەبلیغی بڕیارەکەوە دەست پێ دەکات-)

٣- دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان بڕیارێکی بنبڕ، دەربارەی ئەو تانەیە لەماوەی دوو ڕۆژدا دەردەهێنێ).

**ماددەی دوازدە:**

ماددەی بیستو چوار هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوراەوە دەخوێندرێتەوە:

(پڕوپاگندەی هەڵبژاردن، لە سنووری یاساو پێڕۆی گشتیو ئادابدا، سەربەستە، بە مەرجێ هەیئەی باڵای هەڵبژاردن، هەلی چونیەك بۆ هەموو لیستە رکابەرەکان دەستەبەربکا).

**ماددەی سیازدە:**

ماددەی بیستو هەشت هەموار دەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی بیستو هەشت: هەیئەی باڵا کارتەکانی هەڵبژاردن لە چاپ دەداو، سندوقەکانی دەنگدان ئامادە دەکا).

**ماددەی چواردە:**

ماددەی سیو پێنج هەموار دەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(ماددەی سیو پێنج: لیژنەگەلی مەرکەزەکانی هەڵبژاردن، ئامانجەکانی دەنگدان لە ڕەشنووسگەلێکدا بەی ئیمزای خۆی، ڕێك دەخاتو، هاوپێچ گشت بەڵگەنامەکانی تایبەت بە بزاڤی هەڵبژاردنیان لەگەڵدا دادەنێو، لەناو زەرفێکی داخراوی مۆرکراو بە مۆری خۆی، بە هەیئەی باڵای دەسپێرێ).

**ماددەی پازدە:**

بڕگەی (٣) لە ماددەی سیو شەش هەموار دەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**(٣- ئەگەر، حزبێ، لەناو کۆمەڵە حزبێکدا، کە هەموویان بەناوی یەك نەتەوەوە رکابەری دەکەن (تورکمان، کلدان، ئاشووری، ئەرمەنی، عارەب) مام ناوەندیی (معدل) هەڵبژاردنی بەدەست نەهێنا، ئەوە، لەو بارەدا، کام حزب لە حزبەکانی ئەو نەتەوەیە زۆرترین دەنگی هێنابێ، کورسییەکی دەدرێتێ).**

**ماددەی شازدە:**

بڕگەی (٢) لەماددەی سیو حەوت هەموار دەکرێ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(٢- هەیئەی یاڵا، پاش دابەشکردنی کورسییە براوەکانی هەر لیستێ، بەسەر پاڵێوراوەکانی ئەو لیستەدا، بەپێی ئەولەویەتی زنجیرەی ناوەکانی پاڵێوراوانی

لیستەکە، ئەوجا ناوی ئەوانە رادەگەینێ کە ئەندامێتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراقیان بەدەست هێناوە، هەروەها، دوای ئەوەش، پڕکردنەوەی کورسییە چۆڵەکانی لیستی هەڵبژاردن، بەپێی زنجیرەی ناوەکانی لیستەکە دەبێ و، ناشێ لایەنی خاوەن لیستەکەش کورسی لە هیچ پاڵێوراوێکی خۆی بکێشێتەوە، بەهەر هۆیەك، دەبێ، ببێ).

**ماددەی حەڤدە:**

ماددەی چل و چوار ئیلغادەکرێ.

**ماددەی هەژدە:**

ئەم ماددەی خوارەوە، دەخرێتە سەر دەروازەی حەوتەمی حوکمە تاك و تەراکان (المتفرقە):

کۆمیساریەتی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی خولی دووەمی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق و بەڕێوەبردنیشی کە لەم یاسایەدا هاتووە جێگای هەیئەی باڵا دەگرێتەوە.

**ماددەی نۆزدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی بیست:**

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی بیست و یەك:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەرکارو، لە (وەقائعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی- عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو مهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**ژمارە: ١**

**ڕۆژ: ٢٠٠٥/٦/١٣**

## فەرمان

پشت بە بڕیاری ژمارە (٢٩) لە ٢٠٠٢/١١/١٢ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق حوکمی بڕگەی (٣) لە مادده (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراوی ئەنجومەن‌و کۆنوسی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٦/٨ ی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان بڕیاردا ئەرکەکانی لیژنەی ناوبراو بەم شێوەیە بی کە لە خوارەدا هاتووە:-

١. بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی
٢. بەڕێز عونی کمال بزاز جێگری سەرۆك
٣. بەڕێز عبدالكريم أبوبكر بڕیاردەری لیژنە
٤. بەڕێز د. نوری جمیل تالەبانی ئەندام
٥. بەڕێز خلیل ابراهیم محمد ئەندام
٦. بەڕێز قادر سعید خضر (زانا) ئەندام
٧. بەڕێز خەمان زرار اسعد[٧] ئەندام
٨. بەڕێز دلێر محمح شریف ئەندام

(٧) لە جیاتی بەڕێز خەمان زرار اسعد بەپێی بڕیاری ژمارە (٥)ی دووبارە لە ٢٠٠٥/٦/١٦ لەهەمان لیژنە بەڕێز کریم بەحری برادۆست دانرا.

٩. بەڕێز طارق محمد سعید جامباز ئەندام

١٠. بەڕێز محمد صالح اسماعیل ئەندام

**عدنان رشاد مفتی**

**سەرۆکی ئه نجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو مهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق**

**ژماری فەرمان: ٥**

**مێژووی فەرمان: ٢٠٠٥/٦/١٦**

## فەرمان

پشت بە بڕیاری ژمارە (٥)ی دەرچووی ڕۆژی (٢٠٠٥/٦/١٦)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقو حوکمی بڕگە (٣) لە ماددەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوو ساڵی (١٩٩٢)ی ئەنجومەن، ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن کە ناویان لە خوارەوە هاتووە ئەم ئەرکو فرمانانە دەگرنە ئەستۆ کە بەرمبەر هەر یەکەیان دیارکراوە:-

**یەکەم:**

**١- لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری:**

| | | |
|---|---|---|
| ١. | د. دلێر اسماعیل حقی | سەرۆك |
| ٢. | رفعت عبدالله حمە ڕەش[٨] | جێگری سەرۆك |
| ٣. | هیوا صابر أحمد | بڕیاردەر |
| ٤. | أدهم عثمان بارزانی | ئەندام |
| ٥. | إحسان عبدالله قاسم | ئەندام |
| ٦. | پخشان عبدالله حسین | ئەندام |
| ٧. | چرۆ علی حمە امین | ئەندام |

(٨) بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار) لە جیاتی بەڕێز رفعت عبدالله حمە ڕەش دانرا.

| | |
|---|---|
| ٨. زرار طاهر امين | ئەندام |

**٢- لیژنەی کاروباری ناوخۆ:**

| | |
|---|---|
| ١. اسماعيل محمود عبدالله | سەرۆك |
| ٢. اخر جمال أنور | جێگری سەرۆك |
| ٣. سردار صباح بۆزۆ هەرکی | بڕیاردەر |
| ٤. جمال محمد قاسم | ئەندام |
| ٥. خورشيد سليم شێره | ئەندام |
| ٦. سمكو طاهر محمد دزەیی | ئەندام |
| ٧. شهاب عبدالله صديق | ئەندام |
| ٨. عبدالرحمن احمد قاسم | ئەندام |
| ٩. هيوا صابر احمد | ئەندام |

**٣- لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێری:**

| | |
|---|---|
| ١. عبدالرحمن احمد رضا | سەرۆك |
| ٢. طلعت خضر سيف الدين | جێگری سەرۆك |
| ٣. جميل محمد عثمان گەردی | بڕیاردەر |
| ٤. آخر جمال أنور | ئەندام |
| ٥. رفعت عبدالله حمه رەش | ئەندام |
| ٦. شێخ الله ابراهيم شێخ الله | ئەندام |
| ٧. شكری صالح نێرەویی | ئەندام |

**٤- لیژنەی کاروباری پەروەردەو فێرکردنی باڵا:**

| | |
|---|---|
| ١. نازناز محمد عبدالقادر | سەرۆك |
| ٢. أسعد شاكر أمين | جێگری سەرۆك |
| ٣. سۆزان شهاب نوری | بڕیاردەر |

٤. باپیر کاکە مەلا ئەندام

٥. بایزار ملکو اوهان ئەندام

٦. جمال شمعون ایلیا ئەندام

٧. چرۆ علی حمە امین ئەندام

٨. چنار سعد عبدالله[٩] ئەندام

٩. خضر سلیمان خلیل ئەندام

١٠. د. دلێر اسماعیل حقی ئەندام

١١. رمزیە احمد رشید ئەندام

١٢. سهام انور ولی ئەندام

١٣. د. شکریە رسول ابراهیم ئەندام

١٤. عثمان احمد حمدامین ئەندام

١٥. غفور طاهر سعید ئەندام

١٦. ڤیان سلیمان حاجی بشار ئەندام

١٧. ڤیان احمد خچر ئەندام

١٨. کژاڵ مجید قادر ئەندام

١٩. محمد احمد صالح ئەنادم

**٥- لیژنەی کاروباری تەندروستی و کۆمەلایەتی:**

١. د. فؤاد احمد بابان سەرۆك

٢. صبریە غفار امین جێگری سەرۆك

٣. چنار سعد عبدالله بڕیاردەر

٤. د. آریان خالص شێخ جواد ئەندام

(٩)بەڕێز د. ڕۆژان دزەیی لەجیاتی بەڕێز چنار سعد عبدالله دانرا.

٥. د. رمضان عبدالرحمن ئەندام

٦. فخریه مصطفی محمد ئەندام

٧. د. هاله سهیل وادی ئەندام

## ٦- لیژنەی پەیوەندیەکان و کاروباری ڕۆشنبیری:

١. ئارێز عبدوللا احمد سەرۆك

٢. جمال محمد قاسم جێگری سەرۆك

٣. گلاوێژ شابا ججی بڕیاردەر

٤. ئارام رسول مامند ئەندام

٥. احسان عبدالله قاسم ئەندام

٦. باپیر کاملا سلیمان ئەندام

٧. تاڤگه محمد علی ئەندام

٨. خضر سلیمان خلیل ئەندام

٩. خمان زرار اسعد ئەندام

١٠. رومیو حزیران نیسان ئەندام

١١. رشید کریم رشید ئەندام

١٢. سردار صباح بوزو هەرکی ئەندام

١٣. شهاب عبدالله صدیق ئەندام

١٤. طلعت محمد صالح ئەندام

١٥. عثمان بانی مارانی ئەندام

١٦. غفور طاهر سعید ئەندام

١٧. ڤیان سلیمان حاجی بشار ئەندام

١٨. کرخی نجم الدین ئەندام

١٩. محمد احمد صالح (دیلمان) ئەنادم

٢٠. محمد حكيم عبد الجبار ئەندام

٢١. د. ناصح غفور رمضان ئەندام

٢٢. ئەرسەلان عفور سلێمان ئەندام

## ٧- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی:

١. ملا سعد الدين ملا عبدالله سەرۆك

٢. أنور محمد غفور جێگری سەرۆك

٣. فاروق كريم فتاح بڕیاردەر

٤. بابا طاهر شيخ جلال ئەندام

٥. جميل محمد گەردی ئەندام

٦. حسن بابكر احمد ئەندام

٧. حسين محمد رشيد ئەندام

٨. خورشيد سليم شيره ئەندام

٩. عثمان احمد حمه امين ئەندام

١٠. فتاح عبدالله نقشبندی ئەندام

## ٨- لیژنەی شارەوانییەکان و گواستنەو گەیاندن:

١. رشاد احمد ابراهيم سەرۆك

٢. شيرين عبد الرحمن دينو جێگری سەرۆك

٣. عادل حمد امين بڕیاردەر

٤. جمال شمعون إيليا ئەندام

٥. رشيد كريم رشيد ئەندام

٦. شيخ الله ابراهيم شيخ الله ئەندام

٧. فضيلة رمضان سعد الله ئەندام

٨. كوردستان پيرداود قادر ئەندام

٩. گلاوێژ شابا ججی ئەندام

١٠. گیلاس محی الدین محمد ئەندام

## ٩- لیژنەی پیشەسازیو وزەو کانزاکان:

١. اندراوس یوحنا گورگیس سەرۆك

٢. ایدن عثمان ابراهیم جێگری سەرۆك

٣. عزالدین سلیم خدیدا بڕیاردەر

٤. بارزان عبدالله نصرالله ئەندام

٥. روبیتان ابراهیم روستم ئەندام

٦. رشاد احمد ابراهیم ئەندام

٧. محمد رفعت عبدالرحمن ئەندام

## ١٠- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە:

١. ادهم عثمان بارزانی سەرۆك

٢. شیردل عبدالله حویزی جێگری سەرۆك

٣. حاتم محمد جان بڕیاردەر

٤. بکر فتاح حسین ئەندام

٥. بارزان محمد قادر ئەندام

٦. سوارە محمد امین ئەندام

٧. سمکو طاهر محمد دزەیی ئەندام

٨. شکری صالح نێروەیی ئەندام

٩. شعبان محمد طاهر صادق ئەندام

١٠. شێخ الله ابراهیم شێخ الله ئەندام

١١. کاکە اسماعیل عمر ئەنادم

## ١١- لیژنەی مافی مرۆڤ:

| | |
|---|---|
| ١. محمد فرج احمد | سەرۆك |
| ٢. كرخی نجم الدين | جێگری سەرۆك |
| ٣. شوقی حسين ابراهيم | بڕیاردەر |
| ٤. أنور محمد غفور | ئەندام |
| ٥. اسعد شاكر امين | ئەندام |
| ٦. تاڤگە محمد علی | ئەندام |
| ٧. جمال يوسف بۆتانی | ئەندام |
| ٨. روميو حزيران نيسان | ئەندام |
| ٩. سالم محمد علی | ئەندام |
| ١٠. د. شكريه رسول ابراهيم | ئەندام |
| ١١. عمر عبد الرحمن | ئەندام |
| ١٢. عزالدين سليم خديدا | ئەندام |
| ١٣. صبريه غفار خضر | ئەنادم |
| ١٤. قادر سعيد خضر(زانا) | ئەندام |
| ١٥. كرخی نجم الدين | ئەندام |
| ١٦. گوڵناز عزيز قادر | ئەندام |
| ١٧. محمد صالح اسماعيل | ئەندام |
| ١٨. مريم حسن ابراهيم | ئەندام |
| ١٩. نسرين محمد صالح | ئەندام |

### ١٢- لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە:

| | |
|---|---|
| ١. زرار طاهر امین | سەرۆك |
| ٢. ئارام رسول مامند | جێگری سەرۆك |
| ٣. رۆبیتان ابراهیم روستم | بڕیاردەر |
| ٤. ئاریز عبدالله أحمد | ئەندام |
| ٥. اسماعیل محمود | ئەندام |
| ٦. سوارە محمد امین | ئەندام |
| ٧. سارا خضر پیروت | ئەندام |
| ٨. عبدالرحمن اسماعیل سلیم | ئەندام |
| ٩. محسن حکیم اکبر | ئەندام |
| ١٠. محمد حکیم جبار | ئەندام |
| ١١. ئەرسەلان غفور سلێمان | ئەندام |

### ١٣- لیژنەی بەرگری کردن لە مافی ئافرەت:

| | |
|---|---|
| ١. پخشان عبدالله حسین | سەرۆك |
| ٢. کوێستان محمد عبدالله | جێگری سەرۆك |
| ٣. کوردستان پیرداود قادر | بڕیاردەر |
| ٤. شوقی حسین ابراهیم | ئەندام |
| ٥. شوکریە خضر پیروت | ئەندام |
| ٦. شمسە سعید محمود | ئەندام |
| ٧. فخریە مصطفی محمد امین | ئەندام |
| ٨. فضیلة رمضان سعدالله | ئەندام |
| ٩. ڤیان احمد خضر | ئەندام |
| ١٠. کریم بحری عبدالله | ئەندام |

١١. مريم حسن ابراهيم ئەندام

١٢. نازناز محمد عبدالقادر ئەندام

١٣. نسرين محمد صالح ئەندام

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان- عێراق**

**وێنەیەك بۆ/**

- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران- هەولێر/ تكایە بۆ ئاگاداری... لەگەڵ ڕێزماندا.
- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران- سلێمانی/ تكایە بۆ ئاگاداری... لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی داد/ بۆ بلاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی كوردستان )دا/ لەگەڵ ڕێزماندا.
- سكرتاریەتی ئەنجومەنی نیشتمانی/ لەگەڵ ڕێزماندا.
- هەموو لیژنە هەمیشەییەكانی ئەنجومەن/ لەگەڵ ڕێزماندا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ژمێریاری/ تكایە بۆ كاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی كاروباری ئەنجومەن/ تكایە بۆ ئاگاداری.

**بەناوی خودای بەخشندەو میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار:٥**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٥/٩/٨**

## بڕیار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی (٢٠٠٥/٩/٨)یدا، پشت بە بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراوو ماددەی (٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەن ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێمانی داوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق لەبەر ڕۆشنایی دەستووری کۆماری فیدراڵی عێراق.

**دووەم:** پێکهاتەی لیژنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- ئەندامانی لیژنەکە:

أ- فرست احمد عبدالله- سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق... سەرۆکی لیژنە.

ب- طارق جامباز- ئەندامی ئەنجوومەن... جێگری سەرۆك.

ج- شێروان حەیدەری- ئەندامی ئەنجوومەن... جێگری سەرۆك.

د- عبدالکریم ابوبکر- بڕیاردەری لیژنە.

هـ- عونی بزاز- بڕیاردەری لیژنە.

و- د. نوری تاڵەبانی.

ز- خلیل ابراهیم محمد.

ح- دلێر محمد شريف.

گ- قادر سعيد خضر.

ى- كريم بحرى عبدالله.

ك- محمد صالح اسماعيل.

ل- پخشان عبدالله حسين.

م- كرخى نجم الدين نورالدين.

ن- روميو حزيران نيسان.

٢- ئەندامانی لیژنەکە لە دەرەوەی ئەنجوومەن:

أ- امير عبدالكريم حوێزی- ئەندامی دادگای پێداچوونەوە (خانەنیشین).

ب- د. محمد عمر مولود- ئەندامی دادگای پێداچوونەوە.

ت- شێرزاد احمد نجار- راوێژکار لە ئەنجوومەنی وەزیران.

پ- شۆڕش حسن عمر- مامۆستای زانکۆ.

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار.

**چوارەم:** لە ڕۆژنانەی وەقائعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**لە ڕۆژی ( ٢٠٠٥/٩/١٥ ) دا لە هەولێر دەرچووە**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٧**

**ڕۆژی بڕیار: ٢٠٠٥/٩/٩**

## بڕیار

لەسەر ئەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار بە ئەنجامی گەیاندووەو، بەوئەو دەسەڵاتەش کە بەپێی ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە، ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرهێنا:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەو جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)★ لە یاسای هەڵسووڕاندنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە.

**دووەم:** پێکهاتەی لیژنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن- سەرۆکی لیژنە.

٢- د. ناصح غفور رمضان

٣- د. نوری تاڵەبانی

٤- اسعد شاکر امین

٥- محمد فرج احمد

٦- رفعت عبدالله حمه ڕەش

٧- چنار سعد عبدالله

٨- ایدن عثمان ابراهیم

٩- دلێر محمد شریف

١٠- رشید کریم رشید

١١- نازناز محمد عبدالقادر

١٢- محمد حکیم جبار

١٣- رومیو حزیران نیسان

١٤- سردار صباح بوزو هەرکی

١٥- حمد عبدالله محمود

١٦- ملا سعدالدین ملا عبدالله مولود

١٧- خمان زرار اسعد

١٨- حسن بابکر احمد

١٩- عزالدین سلیم خدیدا

٢٠- غفور طاهر سعید مخموری

٢١- نسرین حمه صاڵح

٢٢- عادل محمد امین

٢٣- طلعت خضر سیف الدین

٢٤- گوڵناز عزیز قادر

٢٥- ڤیان سلیمان حاجی بشار

٢٦- شێخ الله ابراهیم شێخ الله

٢٧- فاروق کریم فتاح

٢٨- حاتم محمد جان حسن

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە دەخرێتە بەرکار.

**چوارەم:** لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان- عێراق**

**لە ڕۆژی ( ٢٠٠٥/٩/١٥ ) دا لە هەولێر دەرچووە**

⋆دواتر بەناوی لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لەدەستووری کۆماری عێراق (٢٠٠٥) ناسرا. (**ط**. ج)

## سەرچاوەکان

١. المرشد الى المجلس الامة الاردنى (٢٠٠٣- ٢٠٠٧)، اعداد هاني الحورانى، حسين أبو رمان، ناصر احمد كامل، عمان / الاردن ٢٠٠٧.

٢. اعلام كُرد العراق جمال بابان سليمانيه ٢٠٠٦.

٣. کۆی یاساو بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- العراق، لە ١٩٩٢/٦/٤ تا ١٩٩٢/١٢/٣١ بەرگی یەکەم/ چاپی یەکەم.

٤. بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستان- عێراق، (لە یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی لە حوزەیران ١٩٨٨دا بڕیار دراون). لەلایەن دەزگای راگەیاندنی بەرەی کوردستانی عێراقەوە چاپو بلاّوکراوەتەوە.

٥. (ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ / دهۆك) ئەندامێن ئەنجومەنێ پارێزگەها دهۆکێ بنیاسە. رێکخراوا مافێن مەدەنی ل کوردستانێ/ دهۆك. لە ٢٠٠٧ چاپ کراوە.

## سوپاسو پێزانین

سوپاسی بێ پایانی بەڕێزان یەکەیەکەی پەرلەمانتارانو هەروەها ئەم بەڕێزانە دەکەین:

١. بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان. یاساناس/ کرێکار عبدالله حسین خۆشناو.
٢. د. عبدالفتاح علی یحیی.
٣. مامۆستا مجید ئاسنگەر.
٤. مامۆستا کریم شارەزا.
٥. مامۆستا عوسمان عەلی قادر
٦. محمد حسن ڕۆژبەیانی.
٧. کاك طارق سارمەمی.
٨. جانێت صلیوه ابراهیم
٩. ووریا عمر عوسمان
١٠. شوان علی حاجی (پیتچنین)

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................ ٣

ناوی پەرلەمانتارانی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان .................. ٧

پاشکۆکان ........................................................................ ١٢٨

یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق وهەموارەکانی............... ١٣٨

لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان ................................. ١٧١

لیژنەی پیداچوونەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان ........................ ١٨٢

لیژنەی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لەدەستووری کۆماری عێراق........ ١٨٤

سەرچاوەکان ...................................................................... ١٨٧

## چاوەڕوانبن کتێبی ئایندەمان

**پەرلەمانتارانی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢- ٢٠٠٥)**

E-mail: jambaz2@yahoo.com